تەبا
ئاژانسی میدیایی تورکمان
لەگەڵ ئێوە بۆ ئێوە

٥٠٠ دینار | ژمارە: ٣٦ | تیراژ: ٢٠٠٠ | ١٤ی کانوونی یەکەمی٢٠١٩

www.tbajansi/ku/ | facebook.com/tbaajansi | twitter/@tbaajansi | youtube.com/tbaajansi

## عەلی مەهدی: تاکە چارەسەر بۆ کەرکوک ئیدارەی هاوبەشی راستەقینەیە

٢





عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هەفتەنامە و پۆرتاڵی تەبا وەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بە رۆژەڤی دایەوە.

"ئەگەر تۆ بەرنامەکەت جێبەجێ بکرێت بێگوومان شان دەدەیتە بەر بەرپرسیارییەت"

"بەداخەوە بەشی هەرە زۆری نوێنەری پێکهاتەکان نە نوێنەری تورکمانن نە مەسیحی"

"هەرێم ئەو نەوتە رادەست نەکات ئەستەمە بەغداد هیچ برە پارەیەک رەوانە بکات"

"متمانەمان بە شاسوار عەبدولواحید نییە"

"گۆڕان هەڵدەستێتەوە و بەهێزتریش دەبێت"

٢

# ماڵی تورکمان ناوی هەیە و بوونی نییە

## گەیلان ئاڵتی بەرماغ بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری تورکمان

٥








## شاسوار عەبدولواحید: ئەگەر بەرە پێکبهێنین بەهێزتر دەبین لە بەرامبەر یەکێتی و پارتی

٤

## قەزانجی: سیاسەت لەسەر کۆمەڵێک درووشم بەڕێوەناچێت

٧



# عەلی حەمەساڵح: بەداخەوە بەشی هەرە زۆری نوێنەری پێکهاتەکان نە نوێنەری تورکمانن نە مەسیحی

عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هەفتەنامە و پۆڕتاڵی تەبا وەڵامی پرسیارەکانی تەیبەت بە رۆژەڤی دایەوە.

سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی نوێنەرانی تورکمان و مەسیحی لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق رایگەیاند، "بەداخەوە بەشی هەرە زۆری نوێنەری پێکهاتەکان نە نوێنەری تورکمانن نە مەسیحی.

هاوکات عەلی حەمەساڵح لەبارەی بانگەشەکانی شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جووڵانەوەی نەوەی نوێ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز، وتی، "متمانەمان بە شاسوار عەبدولواحید نییە.

**لە دوای هەڵبژاردن دەنگۆی ئەوە هەبوو کە بزووتنەوەی گۆڕان ببێتە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام دواتر دەستی بە کۆبوونەوە و دانووستان کرد بۆ بەشداری کردن لە حکوومەت. ئایا هۆکاری ئەو راگۆڕینە چی بوو؟**

تا ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان چ بڕیاری بەشداری کردن لە حکوومەت و چ بڕیاری ئۆپۆزسیۆن بوونی نەداوە. ئەوەی دەمێنێتەوە بەرنامە و بەرکەوتەکانمانە. ئێستا گفتوگۆ لەسەر بەرنامەکان دەکرێت. دواتریش گفتوگۆ لەسەر بەرکەوتەکان دەکرێت لەگەڵ پارتی. دوای ئەوەیش بڕیارەکە دەچێتە سەرکردایەتی گۆڕان کە ئەویش جڤاتی نیشتمانییە. کەواتە تا ئێستا ئێمە نە بڕیاری بەشداری کردنمان داوە نە بڕیاری ئۆپۆزسیۆن بوون.

**ئەگەر تۆ بەرنامەکەت جێبەجێ بکرێت بێگوومان شان دەدەیتە بەر بەرپرسیارییەت**

**لەمیدیاکاندا باس لەوە دەکرێت کە پارتی داوای نەکشانەوەی لە بزووتنەوەی گۆڕانکردووە. ئایا لە بەرامبەردا گۆڕان داوای چ گەرەنتییەکی لە پارتی کردووە؟**

ئەم بابەتە باس نەکراوە کە چوارساڵ بمێنینەوە یانیش نەکشێینەوە. گۆڕان کۆمەڵێک بەرنامەی هەیە، بیرکردنەوەی هەیە بۆ سیستەمی حکوومڕانی و هێزی چەکداری و تا دەگاتە پرسەکانی دیکە. ئەگەر تۆ بەرنامەکەت جێبەجێ بکرێت بێگوومان شان دەدەیتە بەر بەرپرسیارییەت. بەڵام کاتێک ئێمە دەچینە حکوومەتەوە دەبێ بەرگری لەو بەرنامەیە بکەین نەک هەموو شتێکی باش و خراپ. کەواتە واقیعەکە حوکم دەکات. ئەگەر قەیران بۆ خەڵک دروست بکرێت شتێکە، ئەگەر بەرنامەکە جێبەجێ بکرێت شتێکی دیکەیە.

**بەداخەوە بەشی هەرە زۆری نوێنەری پێکهاتەکان نە نوێنەری تورکمانن نە مەسیحی**



**وەکو فراکسیۆنی گۆڕان راتان چییە لەسەر پێدانی یەک لە جێگری ٣ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم بە تورکمان و مەسیحی؟**

بابەتەکە دەبێت جیا بکرێتەوە لە یەکتر. ئێمە تەمەننامان دەکرد رۆژێکدابێت تورکمان بە حەقی خۆی نوێنەرایەتی خۆی بکات. واتە نوێنەری لە پەرلەماندا هەبێت، لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکوومەتدا هەبێت. بەڵام دیدی ئێمە روونە، بەداخەوە بەشی هەرە زۆری نوێنەرەکانی پێکهاتەکان نە نوێنەری تورکمانن نە مەسیحی.

بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ئەوە نین بدرێت بە کەسێک بە دەنگی خەڵکی دیکە هاتبێتە پەرلەمان نەک دەنگی حەقیقی خۆی، بە دەنگێکی زۆر کەمیش. جا چ تورکمان بێ چ مەسیحی.

**هەرێم ئەو نەوتە رادەست نەکات ئەستەمە بەغداد هیچ بڕە پارەیەک رەوانە بکات**

**لە لێدوانێکدا باستان لەوەکرد کە لە ٢٠١٩دا ئەگەری ئەوە هەیە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانی دارایی ببێتەوە. دەتوانن هۆکاری ئەو قەیرانەمان بۆڕوون بکەنەوە؟**

هەر کاتێک کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغداد پەیوەندی و تەنسیقی هەبووبێ، لە هەرێمدا سەقامگیری ئابووری هەبووە، تا ساڵی ٢٠١٣. دوای ئەوەش ئەو پەیوەندییە بەناوی ئابووری سەربەخۆوە پچرێندرا، ئەو قەیرانانەمان بینی. ئێستا موناقەشەی یاسای مودجەی عێراقە، ئەگەر هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە رادەستی حکوومەتی عێراق بکات، لەبەرامبەر ئەوە بەغداد مانگانە بەشەبوودجەیەک بۆ هەرێم رەوانە دەکات کە کۆی گشتی کۆی بکەیتەوە نزیکەی ١١ ترلیۆنە. بەڵام ئەگەر هەرێم ئەو نەوتە رادەست نەکات ئەستەمە بەغداد هیچ بڕە پارەیەک رەوانە بکات. لە ئەگەری راگرتنی پارە لەلایەن بەغدادەوە بە دڵنیاییەوە تەنها بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەو گرفتانە قووڵتر دەبێتەوە.

**متمانەمان بە شاسوار عەبدولواحید نییە**

**شاسوار عەبدولواحید لە وتارێکدا بانگەشەی پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێزی کرد لە بەرامبەر پارتی و یەکێتی. ئایا ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری حکوومەت نەکات دەچێتە ناو ئەو بەرەیەوە؟**

خۆی سیاسەت و بەرە لە رێگەی راگەیاندنەوە دروست ناکرێت. ئێمە پێشتر لەگەڵ یەکگرتوو و کۆمەڵدا تاقیکردنەوەیەکی باشمان هەیە. تاقیکردنەوەکەشمان سەرکەوتوو بووە. بەڵام ئێمە متمانەمان بەو کوڕە نییە.

**گۆڕان هەڵدەستێتەوە و بەهێزتریش دەبێت**

**دەوترا بزووتنەوەی گۆڕان دوای کۆچی نەوشیروان مستەفا ناتوانێت دووبارە هەستێتەوە سەرپێ. ئایا ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لە چ دۆخێکدایە؟**

ئێمە دوای کاک نەوشیروان تووشی واقیعێکی تاڵ بووین. ئەوە واریدە لە رۆژهەڵاتدا، سەرکردە دەمرێت یاخوود دوور دەکەوێتەوە حیزب رووبەڕووی هەڵوەشانەوە و بەریەککەوتن دەبێت. ئێمە چاوەڕێی ئەمەمان کردبوو، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی دیکەوە پلانێکی قووڵ هەبوو دژی گۆڕان لەلایەن پارتی و یەکێتی. بێ ئومێد کردنی خەڵک بۆ ئەوەی نەچن بۆ دەنگدان. هەموو ئەو شتانە وایان کرد کە رێژەی کورسییەکانی گۆڕان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزن . بەڵام ئەوەش وێستگەیەکە، بە دڵنیاییەوە گۆڕان هەڵدەستێتەوە و دەبێتە حزبێک کە جێگەی ئومێدی خەڵک بێت. دەبێت ئەو وێستگەیەش ببڕێت. قورسە تۆ رابەرەکەت لە ساحە نەمێنێت. رەنگە حیزبێکی دیکە بووایە کۆتایی پێدەهات، لە کاتێکدا هێزی چەکداریت نەبێت و ئابووریت نەبێت. بۆیە گۆڕان هەڵدەستێتەوە و بەهێزتریش دەبێت. حیزبی دیکەش هاتۆتە ساحەوە بێگومان ئەویش بەشێک لە دەنگەکانمان دەبەن. بەڵام بە دڵنیاییەوە گۆڕان ئەو وێستگەیەش دەبڕیت.

هەواڵ: عەلی عەنتەر
فۆتۆ: عەلی سالم

# عەلی مەهدی: تاکە چارەسەر بۆ کەرکوک ئیدارەی هاوبەشی راستەقینەیە

عەلی مەهدی، ئەندامی لیژنەی ئەمنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دوای ئاماژەدان بەوە کە بۆشاییەکی ئیداری لە پارێزگای کەرکوک دروست ببو، بەم هۆیەوە نوسراوی پێوسیتیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ناردووە و لە بارەی تاڵەبانی وتی، "بڕیاری دەستگیر کردنی بۆ دەرچوو و دەسەڵاتی واژوو کردنی نەما".

مەهدی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی لە ئیدارەکردنی کەرکوک شکستیان هێنا و وتی، "تاکە چارەسەرێک هەیە بۆ پرسی کەرکوک، ئەویش ئیدارەی هاوبەشی راستەقینەیە".

هاوکات عەلی مەهدی دوای ئەوەی رایگەیاند، "هێزی هاوبەش بیرۆکەی ئێمەبوو"، ئاماژەی بەوەش دا، لە گشت لایەنەکانی شار ئیدارەی هاوبەش جێبەجێ نەکرێت، سەرکەوتوو نابێت.

عەلی مەهدی، وەڵامی پرسیارەکانی تەبا-ی لەبارەی دوایین رەوشی سیاسی لە کەرکوک، دامەزراندنی هێزی هاوبەش و ئیدارەی هاوبەش، دایەوە.

**لە نێوان تورکمان، عەرەب و یەکێتی نیشتمانی کوردستان واژوو کۆکرایەوە و رێبوار تاڵەبانی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. دەتوانن باسی ئەو ماوەیە بۆ ئێمە بکەن؟**

بەر لە هەموو شتێک بۆشاییەکی ئیداری لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دروست ببو. ساڵێک و ٣ مانگە رێبوار لە کەرکوک نییە، بە شێوەیەکی نایاسایی لە هەولێرە و ئیدارەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دەکات. جگە لەمەش دەسەڵاتی واژوو کردنی هەیە. ئەو دۆخە تا هەفتەیەک بەر لە ئێستا بەم جۆرە بوو. ئێمە پێشووتریش سکاڵامان تۆمار کرد، سکاڵاکانمان بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق نووسی، نووسراومان بۆ سەرۆکایەتی وەزیران و دادگاش نووسی. لە نووسراوەکانماندا روونمانکردەوە، "ئەو کەسە لە هەولێر نیشتەجێیە، لێدوانی دژ بە کەرکوک دەدات و واژوو لەسەر پرسە ئیداری و داراییەکانی شاری کەرکوک دەکات". بەداخەوە بەغداد دواکەوت تا ئێستاش وەڵامی ئێمەی نەدایەوە. دواتر بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو و دەسەڵاتی واژووکردنی لێسەندراوە. وەک دەزاندرێت گەر سەرۆکی ئەنجوومەن نەبێت ٥٠٠ فەرمانبەری ئەنجوومەنی پارێزگا بێ مووچە دەبن.

**گەورەترین زیان کە بەر کەرکوک کەوتووە بەهۆی ئەو بڕیارانەی دواین ٥-٦ ساڵی ئەنجوومەنی پارێزگا بووە**

**پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی لە ئیدارەکردنی کەرکوک شکستیان هێنا**

گوێمان لێدەبێت حیزبە سیاسییەکان لە هەولێر دەردەچن و دەڵێن، "پێویستە کەرکوک لەلایەن کەرکوکییەکانەوە ئیدارە بکرێت. کەرکوک بەو جۆرەی ئێستا بمێنێتەوە شکست دەهێنێت". بەر لە ئێستا کێ ئیدارەی دەکرد؟ بەر لە ئێستا ماوەی ١٥ ساڵ پارێزگار کورد بوو، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بۆ ماوەی ١٠-١٢ ساڵ کورد بوو. بۆچی ئەو کاتە باسیان لە



ئیدارەی هاوبەش نەکردەوە؟ بۆچی ئەو کات نەیانوت پێویستە کەرکوک لەلایەن کەرکوکییەکانەوە ئیدارە بکرێت؟ بۆچی ئێستا وادەڵێن؟ ماوەی ١٥ ساڵ پارتە کوردییەکان بە تەواوی شکستیان هێنا. پارتی، یەکێتی یانیش ئیسلامییەکان هەر هەموویان لە ئیدارە کردنی کەرکوک شکستیان هێنا. ئێمە لەگەڵ دانیشتنی ئەو ئەنجوومەنە نین، ئەو ئەنجوومەنە کۆنابێتەوە. بەغداد دەتوانێ دەسەڵات بداتە پارێزگار یان ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا بۆ بەڕێوەبردنی کارە داراییەکانی ئەنجوومەن.

**تاکە چارەسەر بۆ کەرکوک ئیدارەی هاوبەشی راستەقینەیە**

**مەرجی تورکمان بۆ خوولی داهاتوو چی دەبێت؟**

ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە پرۆژەمان هەبوو. ئەویش پرۆژەی "هەرێمی کەرکوک" بوو. واتە پرۆژەی ئیدارەی هاوبەشی کەرکوک. ئەوەمان پێشکەش کرد و واژوومان کرد. بەڵام بەداخەوە لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارە کوردییەکان و بەغداد جێبەجێیان نەکرد. یەک چارەسەری راستەقینە هەیە بۆ کەرکوک، ئەویش ئیدارەکردنی هاوبەشی راستەقینەیە. ئیدارە کردنی هاوبەشی راستەقینە چییە؟ بۆ نموونە ١٠ بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان هەیە لە کەرکوک. دەتوانین بەم جۆرە بەڕێوەبەرایەتییەکان دابەش بکەین بەسەر، ٣ تورکمان، ٣ عەرەب، ٣ کورد و یەک مەسیحی. جگە لەم چارەسەرە بۆ کەرکوک، هیچ چارەسەرێکی دیکە نییە. کەرکوک ١٥ ساڵ لەلایەن کوردەکانەوە ئیدارە کرا. ئێمە دەڵێین، "ئەو جارە پۆستی پارێزگاری کەرکوک بدەنە ئێمە، دەرفەتێکی بە ئێمە بدەن، ئێمەش چوار ساڵی پۆستی پارێزگار بەڕێوەببەین و ببینین دۆخی کەرکوک چۆن دەبێت".

**هەڵبژاردنەکان چارەسەر نین بۆ کەرکوک**

هەڵبژاردنەکان چارەسەر نین بۆ کەرکوک، تاکە چارەسەر ئەو شێوازەیە کە باسمان کرد. چونکە کەرکوک شارێکی ئاسایی نییە. کەرکوک پێگەیەکی هەیە کە کاریگەری هەیە لەسەر بارودۆخی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەبارەی کەرکوکەوە تورکیاش روانگەی هەیە. روانگەی تورکیا، لە بارەی داهاتووی کەرکوک و تورکمانەوە گرنگە. کەرکوک شارێکی گرنگە، بەم هۆیەوە ئەگەر لە کەرکوک ئیدارەیەکی هاوبەش نەبێت، هیچ چارەسەرێک ناگاتە ئەنجام.

**دامەزراندنی هێزی هاوبەش بیرۆکەی ئێمەبوو**

**ئەرشەد ساڵحی رایگەیاندبوو کە لەگەڵ مەسعود بارزانی هاوڕابوون لەسەر پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش، بەڵام ئێستا هەندێک لایەن پێچەوانەی ئەو لێدوانە دەدوێن. ئەگەری دامەزراندنی ئەو هێزە چەندە؟ عێراق پاڵپشتی دەکات؟**

تەواوی ئەو بیرۆکانەی کە خزمەتی کەرکوک دەکات بیرۆکەی ئێمەن. کاتێک ئێمە لە ٢٠٠٥ وتمان با ئیدارەی هاوبەش دابمەزرێنین، بیرۆکەی هێزی هاوبەشی بەشێک بوو لەو پرۆژەیە. واتە لەڕووی پرسەکانی ئەمنی، ئابووری و سیاسی کەرکوک پێکەوە هەنگاو بندرێت. لەبەر ئەوە دامەزراندنی هێزی هاوبەشیش بیرۆکەی ئێمە بوو، ئەوە پرۆژەیەش دووبارە لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە رەت کرایەوە. لە ٢٠٠٥ەوە رەتیانکردەوە و ئەو دۆخەیان بەسەر کەرکوک هێنا. دەمەوێ دیسان بیڵێمەوە، هەموو شتێک بە هاوبەشی نەبێت لە کەرکوک شکست دەهێنێت.

**کێشەی پۆستی پارێزگار لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە. واتە کوردەکان دەڵێن ئەو پۆستە بەشی ئێمەیە، بەڵام پێویستە ئەو دوو حیزبە پێکبێن. ئایا تورکمان دەتوانێت دووبارە پۆستی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک وەربگرێتەوە؟**

لە ساڵی ٢٠١٠ رێککەوتنێک لە نێوان تورکمان، کورد، عەرەب ئەنجامدرا. لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٩-ش چەند رێککەوتنێکمان ئەنجام دا. حکوومەتی عێراق شایەتحاڵی ئەوانە بوو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش ئاگاداربوون. رێککەوتنەکە بەو جۆرە بوو، "ئەگەر پارێزگار کورد بێت، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا تورکمان دەبێت و جێگری پارێزگار عەرەب دەبێت". پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی پابەندی ئەو رێککەوتنانە نەبوون. لە ئەنجامی ئەمان بارودۆخی کەرکوک گەیشتە ئەمڕۆ. ئێمە هیچ کارێکی خراپمان نەکرد کە ببێتە هۆی تێکدانی کەرکوک، ئەوانەی کەرکوکیان تێکدا ئەوانە بوون کە ئیدارەیان دەکرد، پارێزگار، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕیوەبەرایەتییەکانی دیکە بوو. ئێمە تەنها بینەر بووین. هەندێک جار رەخنەمان دەگرت بەڵام رەخنەکانمان قبوڵ نەدەکرا. چونکە لە ئەنجوومەن زۆرینە بوون هەموو رەخنەکانییان رەتدەکردەوە.

هەواڵ: عەلی عەنتەر
فۆتۆ: عەلی سالم

# بۆ نا؟



زیا عوزێری

لە هەرێمی کوردستان چەندین نەتەوە و ئاین و ئاینزای جیاواز هەیە. هەڵبەتە ئەمە بووەتە هۆکاری فرەڕەنگی و تێکەڵبوونی داب و نەریتەکان و بەخشینی تام و چێژێکی جیاواز. بێگومان پێویستە ئەم فرەڕەنگییە لە هەموو روویەکەوە رەنگدانەوەی هەبێت نەک تەنها لەژێر درووشم و لەسەر کاغەزەکان بمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە چەند ناوچە هەن کە پێکهاتەکان هەر لەدێر زەمانەوە بەچڕی تێیدا ژیانیان بەسەربردووە. بۆ نموونە تورکمان بە شێوەیەکی گشتی لە ناوەندی شاری هەولێر ژیاوە کە ئەویشیان قەڵات و دەورووبەری نزیکی دەگرێتەوە. یاخود کلد و ئاشوورییەکان لە عەینکاوە ژیانیان بەسەر بردووە گەرچی لەئێستادا بەهۆی فراوانبوونی شار ئەوێ بووەتە بەشێک لە هەولێر و وەکو گەڕەکێکی شاری لێهاتووە. ئەمانە ئاماژەیەکە بۆ فرەڕەنگیی شاری هەولێر بەتایبەتی و هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی. لێرەدا چەند پرسیارێک بۆمان دەردەکەوێت ئاخۆ ئەم فرەڕەنگی و فرەچێژە لە دەسەڵات رەنگدانەوەی هەیە یاخود نا؟

بەداخەوە نابێت بەرگری لە فرەڕەنگی دەسەڵات بکەین بەتایبەتی لە شاری هەولێر. من باسی وەزارەت و جێگری سەرۆکوەزیران و قسە بریقەدارەکان ناکەم. دەمەوێ تەنها تیشک بخەمە سەر چەند خاڵێکی سادە و لۆکاڵی بۆ ئەوەی بتوانم رەنگدانەوەی فرەنەتەوەیی لەسەر دەسەڵات روون بکەمەوە. لێتان ناشارمەوە و ئێوەش زۆر چاک ئاگادارن، ئەوانەی بەناو پشتگیری لە دۆزی تورکمان دەکەن هەمیشە پەلە پەلیانە بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیر، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکوەزیران. زۆربەیان ئەسڵەن بیر لەوە ناکەنەوە ئاخۆ ئەم پۆستانە تا چەند دەتوانێت خزمەت بە تورکمان بکات؟ ئاخۆ تا چەند دەبێتە هۆکارێک بۆ نزیکبوونەوەی خۆیان و گەلەکەیان؟ چەندین سیمینار و دانیشتن و کۆڕ و کۆنفرانس کراوە و هەمیشە جەخت لە وەرگرتنی وەزارەتێک یاخود زیاتر دەکەن. بێ ئەوەی هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگ بۆ خۆیان و پارتەکەیان بدەن، تەنها دەیانەوێت مەقامێک داگیر بکەن و چواردەورەکەی موستەفیدی یەکەم بێت و چوار ساڵ مووچەی وەزیر وەرگرێت و دواتر بە بڕی چەند هەزار دۆلارێک خانەنشین بکرێت. کەس بیر لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک شارەوانی ناکات. کەس بیر لەوە ناکاتەوە ببێت بە بەڕێوەبەرێکی کارا و داخوازییەکانی خەڵک بەجێ بگەیەنێت و کارئاسانییان بۆ بکات بۆ ئەوەی خەڵک دواتر متمانەی پێبێت و دەنگی پێبدات. نەمبینیوە بەرپرسێک بڵێت من دەمەوێت لە وەزارەتی شارەوانی پۆستێک وەرگرم و خزمەتی شارەکەم و نەتەوەکەم بکەم. خۆ ئەمانە کاریگەرترن لە وەرگرتنی پۆستی وەزارەتێک. چونکە کاتێک تۆ لەناو خەڵک دەبیت و کەسێکی دڵسۆز دەبیت لە کارەکەت و بەرپرسیاریەتییەکەت، بێگومان خەڵک لێت نزیک دەبێتەوە و کاتێک بوو بە هەڵبژاردن دەنگت پێ دەدات. تۆ بەو سیستەمە دەتوانیت زیاترین دەنگ کۆ بکەیتەوە. کاتێک تۆ دڵسۆز بویت بۆ کاروباری خەڵکەکەت و هاوشارەکەت، بێگومان خەڵکیش بۆت دێنە پێش و هاوکارت دەبن و دەنگت پێ دەدەن بۆ ئەوەی بەردەوامبیت. ئەو پارتەی کە لە هەولێر زۆرترین دەنگی بەدەست هێنابێت ئەمەیان ئاماژەیەکە بۆ کارکردنی ئەو پارتە لەو پارێزگایە، لە دهۆک و زاخۆ و هەموو شارەکانی دیکەش بەهەمان شێوەیە. بێگومان ساختەکاریش رۆلی هەیە بەڵام کاریگەری پێچەوانەیی لە ئەنجامەکان ناکات.

خۆتان دەزانن هەموو ملوانکەیەک دوو رووی هەیە، ئەمانەی سەرەوە تانها رووی یەکەمی ملوانکەکەبوو کە رەخنەم لە بەرپرسانی نەتەوەی تورکمان گرتووە. رووەکەی دیکە بریتییە لە پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم کە بەبۆچوونی من دەبێت بەخۆدابچنەوە لە نیشاندانی فرەنەتەوەیی و فرەڕەنگی. بۆ نموونە حکوومەتی هەرێم وەکو فەرمانگەی دەرەوە ١٤ نوێنەرایەتی هەیە کە لە وڵاتانی دونیا نوێنەرایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان و قەوارەی سیاسی دەکەن. بۆچی تورکمانێک وەکو نوێنەری هەرێم لە وڵاتێکی بیانی دەستنیشان ناکەن؟ یان کەسێکی ئاشووری یاخود کلدانی ناکەن بە نوێنەری هەرێمی کوردستان لە دەرەوە. بۆ نا؟ ئایا ئێوە فرەڕەنگی هەرێمی کوردستان بە رووی دنیا نیشان دەدەن یاخود فرەحیزبی و پشتگوێخستنی نەتەوەکانی دیکە؟ ئەم رەخنەیەم تەنها بۆ هەرێمی کوردستان نییە بەڵکو بۆ عێراقیشە. بەگشتی عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان ئەوەندەی گرنگی بە حیزبەکان دەدرێت، نیوەی ئەوەندە بە نەتەوەکان نادرێت.

لە کۆتاییدا هەردوو رووی ملوانکەکەم خستەروو و پێموایە فرەڕەنگی و فرەنەتەوەیی هەرێمی کوردستان بەرە بەرە بۆ فرەحیزبیی و فرەتایفەگەریی دەچێت. گەر سەرنجتانی ڕاکێشابێت ئەوەی لەسەر کاربەدەستانی تورکمان وتوومە، زیاترە لە رەخنەکانم لە دەسەڵات، بۆ ؟ چونکە سەرەتا دەبێت بەرپرسانی تورکمان بەخۆدابچنەوە دواتر رووبەڕووی بەرامبەر ببنەوە، قسەیەک هەیە دەڵێت چەپڵە بە یەک دەست لێنادرێت، سەدا سەت لەگەڵیدام بەڵام گەر خۆت یەکلاینەکەیتەوە و لەژێر بڕیارێکی سیاسی و ریڕەوێکی دیاریکراو هەڵنەبژێریت، بێگومان ناتوانی ڕووبەرووی بەرامبەرەکەت بیت.

# شاسوار عەبدولواحید: ئەگەر بەرە پێکبهێنین بەهێزتر دەبین لە بەرامبەر یەکێتی و پارتی

جولانەوەی نەوەی نوێ هەر لە سەرەتاوە رایگەیاندبوو کە بەشداری کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ناکات. هاوکات سەرۆکی ئەو قەوارە سیاسییە بانگەشەی ئەوە بۆ لایەنەکان دەکات کەوا بەرەیەکی بەهێز پێکبهێنن بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر حیزبەکانی دەسەڵات.

شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ لەمبارەیەوە رایگەیاند، "پێمان باشە ئەو هێزانەی دەرەوەی پارتی و یەکێتی هەموویان پێکەوە قورساییەکی زیاتریان هەبێت و بەرەیەک دروست بکەن، بەمجۆرە کاریگەری زیاتریان دەبێت و دەتوان کار بکەن لەسەر ئەوەی دژی یەکێتی و پارتی بن".

لە دیمانەیەکدا، شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ وەڵامی پرسیارەکانی هەفتەنامە و پۆرتاڵی تەبا-ی دایەوە.

دەقی چاوپێکەوتنی تەبا لەگەڵ سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ بەم جۆرەیە:

**بۆچی نەوەی نوێ لە دوای هەڵبژاردن ئۆپۆزیسیۆن بوونی خۆی هەڵبژاردن؟**

لەبەر ئەوەی ئێمە پێمانوایە ئەو دەسەڵاتەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە پارتی و یەکێتی نوێنەرایەتی دەکەن، بەڕاستی هیچ جۆرە ریفۆرمێک و ئیسڵاحێکی نە سیاسی نە ئیداری ناکەن. چونکە ئەگەر ئیسڵاح و ریفۆرم بکەن دەڕووخێن.

بۆ نموونە ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە بکەنە هێزێکی نیشتیمانی و ئینتمایان بۆ حیزب نەبێت و لەڕووی مووچەوە پەیوەست نەبن بە حیزب، ئەو کات ترسی ئەوەیان دەبێت ئەو هێزە پێشمەرگەیە ئینقلابیان بەسەردا بکەن و رێگە نەدەن ئەو هەموو کارە نایاساییە بکەن.

ئەگەر دادگاکان ریفۆرمی تێدا بکەن و دادگاکان سەربەخۆ بن، رەنگە ئەو کات فەرمانی گرتنیان بۆ دەربچێت. تەنانەت بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانیش. چاکسازی لە ئابووری بکەن، هەموو کۆمپانیاکانیان ئیفلاس دەکەن. کەرتی تەندرووستی چاکسازی تێدا بکەن بەهەمان شێوە. کەرتی پەروەردە و زانکۆکان چاکسازی تێدا بکەن، گەنجی عاقڵ وخوێندەوارمان تێدا دەبێت ئەوەش لە زیانی یەکێتی و پارتی دایە.

ئێمە پێمانوایە ئەوان بە موتڵەقی چاکسازی ناکەن. کەواتە چ سوودێکی هەیە بەشداری لەو حکوومەتە بکەین کە سوور دەزانین بەکارمان دەهێنن. بۆیە دەمانەوێت لە دەرەوەی حکوومەت بین و ئۆپۆزسیۆنێکی ئازا بین بۆ ئەوەی فشار بکەین لەسەر حکوومەت، بە ئاراستەی خزمەت کردن بە خەڵکی خۆمان.

**لە وتارێکدا بانگەشەتان بۆ لایەنەکان کرد بەرەیەکی بەهێز دروست بکەن لە بەرامبەر یەکێتی و پارتی. ئامانجتان لە دروست کردنی ئەو بەرەیە چییە؟**

ئێمە پێمانوایە بەشێکی ئەو حزبانە خۆیان لە رابردوودا قوربانی دەستی یەکێتی و پارتی بوونە. ئێستا هەموو خەڵکی کوردستان یان بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بە پێی دوایین ئامار کە دەنگدان کراوە، پارتی و یەکێتی دەنگی راستەقینە لە سەدا ٢٠یان هێناوە. واتە لەسەدا ٨٠ی خەڵکی کوردستان دژی پارتی و یەکێتین. پێمان باشە ئەو هێزانەی دەرەوەی پارتی و یەکێتی هەموویان پێکەوە قورساییەکی زیاتریان هەبێت و بەرەیەک دروست بکەن، بەمجۆرە کاریگەری زیاتریان دەبێت و دەتوان کار بکەن لەسەر ئەوەی دژی یەکێتی و پارتی بن و لەم چوارساڵەدا فشارێکی حەقیقی بخەنە سەر یەکێتی و پارتی. ئێمە پێمانوایە بە تاک تاک لاوازین بەڵام پێکەوە بەهێزین. هیوادارم ئەو هێزانە بتوانن بڕیارێکی لەم جۆرە بدەن.

**هەموو لایەنێک کە بەشداری لە حکوومەت دەکات یاخود دەبێتە ئۆپۆزسیۆن نەخشە رێگایەک بۆخۆی دیاری دەکات. نەخشە رێگای نەوەی نوێ وەکو ئۆپۆزسیۆن لە چوار ساڵی داهاتوو دا چییە؟**

راستگۆبین لەگەڵ خەڵکی خۆمان، خۆمان نەفرۆشین، تەسلیمی دەسەڵات نەبین، راستگۆبین لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی کە داومانە بە خەڵک، لەناو خەڵکدا بین و بەرگری لە خەڵک بکەین. بەمجۆرەش پێموایە لە چوار ساڵی داهاتوودا سەرکەوتوو دەبین. ستراتیژی ئێمە ئەوەیە فشار بخەینە سەر یەکێتی و پارتی لە بەرژەوەندی خەڵکەکەماندا. چونکە هەر دەسەڵاتێک لە دونیادا ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی لە بەرامبەر نەبێت، ئەو کاتە بێ باک دەبێت لە خەڵک.

**بۆچی تا ئێستا سوێندی یاساییت نەخواردووە لە پەرلەمان؟ ئایا شاسوار عەبدولواحید بەشداری پەرلەمان ناکات؟**

نەخێر من بەشداری پەرلەمان ناکەم. من کاتی خۆشی لە بانگەشەکەدا راستگۆبووم لەگەڵ خەڵکی خۆم وتوومە من کاندید دەبم بۆ سەرۆکوەزیران، قەتیش نەموتووە دەچمە پەرلەمان و بەشدار دەبم. لەبەر ئەوە کە دەنگمان وەکو پێویست نەهێناوە و بۆ نموونە نەبووینەتە سەرۆکوەزیران، ئەو کاتە ناشچینە پەرلەمان و هاوڕێکانمان دەچنە پەرلەمان و ئەو پەیامەی ئێمە هەمانە ئەوان لە پەرلەمان جێبەجێی دەکەن.

هەواڵ: عەلی عەنتەر
فۆتۆ: عەلی سالم



# ماڵی تورکمان ناوی هەیە و بوونی نییە

پرۆژەی ماڵی تورکمان لە ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن بەرەی تورکمانی عێراقەوە داندرا. تاپۆی ئەو شوێنە بە ناوی چەند کاربەدەستێکی تورکمان بوو، دواتر بە بیانووی جۆراوجۆر لە ڕێگەی دادگاوە لە بەرەی تورکمانی عێراقی سەندرایەوە و بووە موڵکی حکوومەت. لە سەرەتادا بە بیانووی دروستکردنی ڕێگا لەو شوێنە خرابوویە ڕوو، ماڵی تورکمان لە ساڵی ٢٠٠٣ بە تەواوی لە بەرەی تورکمانی عێراقی سەندرایەوە. بەڵام لە هەمان ساڵدا بە بڕیارێک ئەو شوێن و باڵەخانەیە بۆ ناوەندی کەلتووری درا بە تورکمان. ماڵی تورکمان لە ساڵی ٢٠١٣ وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشەنبیری تورکمانی دەستی بە چالاکی کردەوە.

هەرچەندە لە سەرەتادا چالاکییەکان لە ماڵی تورکمان ئەنجام دەدران، بەڵام بەم دواییانە و بە تایبەتی لە دوایین چەند ساڵدا بێدەنگی باڵی کێشاوە بەسەریدا. باڵەخانەکە جگە لە چالاکی بچووک بچووک هیچ چالاکییەکی تێدا ئەنجام نادرێت، لە ساڵانی ٩٠ەکانەوە نۆژەن نەکراوەتەوە و خەریکە دەبێتە شوێنێکی بێدەنگ و دوور لە چاوەکان.

تەبا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو پرسە بۆ خوێنەرانی، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گەیلان ئاڵتی بەرماغ، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری تورکمانی ئەنجام دا کە لە ٢٠١٣ـەوە سەرپەرشتی ئەو بەرێوەبەرایەتییە و ماڵی تورکمان دەکات.

گەیلان ئاڵتی بەرماغ لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان ڕستەیەکی درکاند کە دەتوانین بڵێین پوختەی تەواوی ریپۆرتاژەکەیە. ئەو ڕستەیەش بەم جۆرەبوو، "ماڵی تورکمان ناوی هەیە بەڵام چالاکی نییە" بە شێوازێکی دیکە ناوی هەیە بەڵام بوونی نییە.
بێ درێژەدان بە قسەکان ویستمان ریپۆرتاژەکە وەکو خۆی بڵاو بکەینەوە.

**بەهۆی ناوی ماڵی تورکمان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرفتم بۆ دروست بوو**

**ماڵی تورکمان لە ئێستادا لە چ دۆخێکە؟**

دەتوانم بڵێم، لە دۆخێکی زۆر خراپدایە بەڵام ئێمە ڕامانگرتووە بۆ ئەوەی دانەخرێت. چونکە ماڵی تورکمان چ لەلایەن حیزبە تورکمانییەکان چ بازرگانانی تورکمان چ لەلایەن وڵاتی تورکیای هاورەچەڵەک هاوکاری ماددی و مەعنەوی بۆ نایەت. من بە هەوڵی خۆم لەڕێگەی ماددی و ئەو پەیوەندییانەی کە هەمە، ماڵی تورکمانم ڕاگرتووە بۆ ئەوەی دانەخرێت. من بەهۆی ناوی ماڵی تورکمان بۆ ماوەی ٣ مانگ گرفتم بۆ دروست بوو. حکوومەتی کورد ئەو ناوەی قبوڵ نەدەکرد بەمنی دەوت، "ئەو ناوە دامەنێن، بۆ نموونە ناوەکەی بکەنە ناوەندی کەلتووری بەڵام مەیکەنە ماڵی تورکمان". تا مۆڵەتی ناوی ماڵی تورکمانم وەگرت گرفتی زۆرم بۆ دروست بوو. لە کۆتاییدا مۆڵەتەکەمان وەرگرت و ئێستا ئەو شوێنە ناوی ماڵی تورکمانە. ئەوەش بە هاوکاری کەس ڕوویندا، ئەوە تەنها هەوڵی بەڕێوەبەرەکانی ئێرە و پەیوەندییە شەخسییەکانی من بوو. ئێمەش هەوڵی ڕاگرتنی دەدەین ئەگینا ماڵی تورکمان هیچی نەماوە.

**ماڵی تورکمان کاتێک لە دەست بەرەی تورکمانی عێراقی بوو مووچەی هەبوو، بوودجەی هەبوو، کارمەندی پرۆفشناڵی هەبوو و لەهەموویان گرنگتر چالاکی هەبوو**

**پێشووتر ماڵی تورکمان چالاکی زۆری هەبوو، بەڵام ئێستا چالاکییەکانی زۆر کەم بووەتەوە، هۆکاری ئەوە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

دوو هۆکاری هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە ماڵی تورکمان لە دەست بەرەی تورکمانی عێراقی نەما و درا بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. دواتر حکوومەت دووبارە ئەو شوێنەی دا بە تورکمان، بەڵام لەبەر پێنەدانی بودجە و یارمەتی نەدانی کەس وای لێهات دۆخەکە بگاتە ئەو ڕاددەیەی ببیندرێت کە "ماڵی تورکمان ناوی هەیە بەڵام چالاکی نییە". چونکە لەم سەردەمەدا هەموو چالاکییەک بە پارە ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە؛ ڕادیۆی ماڵی تورکمان ماوەی مانگێکە ئامێری ڕادیۆی تێکچووە کەس نییە پارە بدات و بڵێت فەرموو ڕادیۆکە چاک بکەوە دەست بە پەخشەکەت بکە. حکوومەت ئێستا لە قەیرانی داراییە. دەڵێن پارەمان نییە ئێمە تەنها دەتوانین مووچەی فەرمانبەرەکانتان بدەین. ئەویش چارەگێکی لێدەبڕن ئینجا دەیدەن. ئەگەر ڕاستییەکان بڵێین، ماڵی تورکمان کاتێک لە دەست بەرەی تورکمانی عێراقی بوو مووچەی هەبوو، بودجەی هەبوو، کارمەندی پرۆفشناڵی هەبوو و لەهەموویان گرنگتر چالاکی هەبوو. بەڵام ئێستا نیوەی کادیرەکانی نەمان ئەوانەی ماون کار دەکەن بەڵام کاتێک بودجە نەبێت ناتوانن هیچ بکەن. ئێستا ڕادیۆکەمان کارناکات و ماڵی کەلتوریشمان هەبوو، هەر کۆن بوو ئێستا لە ژێر خۆڵ ماوەتەوە.کاتێک کە بودجەمان نەبێت هیچمان پێناکرێت. کتێبخانەمان هەیە بەڵام کتێبخانەکەمان کۆنە و پێویستی بە نوێکردنەوە و کتێبی نوێیە، پێویستی بە خاوێنکردنەوە هەیە، پێویستی بە لێکجیاکردنەوەی کتێبەکان هەیە بەڵام ناتوانین ئەو کارانە بکەین چوونکە کادیرمان نییە. پارەشمان نییە بۆ ئەوەی کادیر بهێنین. کاتێک فەرمانبەرێک لە بەیانییەوە تا ئێوارە کارت بۆ دەکات دەبێت چایەک یاخود قاوەیەکی بۆ بکڕیت لە ژوورەکەیدا هەبێت، بەڵام بۆ ئەوەش پێویستمان بە بودجەیە. ئەوانە بە لایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر مووچەی فەرمانبەرێکمان ٤٠٠ هەزار بێت ئەوا مانگانە ٢٥٠ هەزاری بۆ دێت بەهۆی پاشکەوتی مووچەوە.

**٣ ملیۆنم ویست یەک دیناریان پێنەدام، کەچی مافی وەرگرتنی ٣ ملیار دینارم هەیە**

**بەپێی ئەو زانیارییانەی هەمانە ساڵانە ٣ ملیار بودجەتان هەیە. ئایا ئەمە ڕاستە؟**

بەڵێ ڕاستە بە نووسراوی فەرمیش لەلامان هەیە کە بودجەی ساڵانەمان ٣ ملیار دینارە. بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو پارەیە بەدەست بێنین ئەو پارەیەمان پێنادەن. ئەو ٣ ملیارە بۆ بەڕیوەبەرایەتیەکە دیاری کراوە بەڵام پێمان نادەن. وەک دەزاندرێت بەڕیوەبەرایەتییەکەشمان چەندین لقی هەیە دەبێ چالاکییەکانی ئەوانیش پارەدار بکەین و لەماوەی ساڵێکدا بەسەر هەموو لقەکان و چالاکییەکانیان خەرج بکەین. ئەگەر ئەو بڕەپارەیەم پێبدەن، بۆ نموونە کاتێک پرۆژەیەکی ٢٠ ملیۆنیم دەبێت دەچم ئەو بڕە پارەیە دەردێنم پرۆژەکەی پێ ئەنجام دەدەم. بەڵام تا ئێستا یەک دینارمان لەو بڕە پارەیە وەرنەگرتووە. واز لە ٣ ملیار دینار بێنن، لە هەر ٣٠ شەوی مانگی ڕەمەزان ئێمە شەوی تورکمان ئەنجام دەدەین میوانمان دێت و خەرجیمان دەبێت، پرۆژەیەکم نووسی و ٣ ملیۆنم ویست یەک دیناریان پێنەدام، کەچی مافی وەرگرتنی ٣ ملیار دینارم هەیە بەڵام کارەکان تەنها لەسەر کاغەزن لە جێبەجێکردن دا هیچ شتێک نییە، تەنها موچەی ئەو فەرمانبەرانە دەدەن کە لەلایەن حکوومەتەوە دامەزراون.

**داوام لە پارێزگاری هەولێر کرد بۆ پێدانی خانووێک لەسەر قەڵای هەولێر بۆ نەتەوەی تورکمان بەڵام پێیان نەدایین**

**داواکاریتان لە حیزبە تورکمانییەکان و حکوومەت چییە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەتان؟**

ئەگەر سەیری فەرمانگە حکوومیەکانی کورد و برا مەسیحییەکان بکەین دەبینین کە باڵەخانەی ئێمە زۆر کۆنە و هەموو فەرمانگەکانمان لە یەک شوێن کۆکراوەتەوە. ئەو شوێنەی ئێستا لێی دانیشتووین بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشەنبیری و هونەری تورکمان نییە ئێرە ماڵی تورکمانە. داوای ئێمە ئەوەیە ڕادیۆمان لە شوێنێکی دیکە و بەڕێوەبەرایەتیمان لە شوێنێکی دیکە بێت. ماڵی کەلتووری تورکمان ٣ بارهەڵگر کەلوپەلی هەیە، داوام لە پارێزگاری هەولێر کرد بۆ پێدانی خانووێک لەسەر قەڵای هەولێر بۆ نەتەوەی تورکمان بەڵام پێیان نەدایین. من داوای ئەو خانووەم بۆ خۆم نەدەکرد، داوای ئەو خانووەم دەکرد بۆ ئەوەی کەلتوور و فۆلکلۆری تورکمانی تێدا نمایش بکەم. لە گەڕەکی تەعجیل داوام کرد دیسان پێیان نەدام. داوام لە پارتە سیاسییەکان ئەوەیە پاڵپشتیمان بکەن. واز لە ئێمە بێنن پاڵپشتی کەلتوور و فۆلکلۆری نەتەوەکەمان بکەن. ئێمە لێرە فەرمانبەرین ئەمڕۆ هەین سبەی لەو شوێنە نین. داوام وایە باڵەخانەی ماڵی تورکمان بڕوخێنن و سەرلەنوێ دروستی بکەنەوە. چونکە ئێرە لەسەر ٧ هەزار مەتر دروست کراوە، کاتێک سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە دەتوانرێت چەند هۆڵێک و شوێنی ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکان دروست بکرێت و کۆمەڵێک شتی دیکەی تێدا دەبێت. کاتێک دەڵێین ماڵی تورکمان، پێویستە ببێتە ماڵی گەنجان، ئافرەتان، هونەرمەندان، نووسەران و منداڵانی تورکمان. پێویستە بودجە بۆ ئەوانە دابین بکرێت. داوام لە پەرلەمانتارانی تورکمان و پارتە سیاسییەکانی تورکمان و بازرگانەکان ئەوەیە کە هەموومان پێکەوە کەلتوورمان زیندوو بکەینەوە. ماڵی تورکمان زیندوو بکەینەوە. چونکە ئەو دامەزراوەیە شوێنێکی بەرچاوی تورکمانە.

با ئەو شوێنەی کە لە کاتی پرسینی تورکمان لە هەولێر نیشانی دەدەین ماڵی تورکمان بێت. چونکە حیزبێکی سیاسی نوێنەرایەتی بەشێکی نەتەوەیەک دەکات بەڵام ماڵی تورکمان نوێنەرایەتی هەموو تورکمان دەکات. شوێنی نەتەوەی تورکمانە لە دەوڵەت. بەڕای من پێویستە پارتە تورکمانییەکان هەموو چالاکییەکانیان لێرەدا ئەنجام بدەن. ئەگەر سەرکردەکانی تورکمان دەیانەوێت کۆبوونەوە ئەنجام بدەن دەتوانن لە ماڵی تورکمان ئەنجامی بدەن. بەمجۆرە ماڵی تورکمان زیندوو دەکەینەوە. من ئەو شتانەم بۆخۆم ناوێت. من لێرە تەنها فەرمانبەرم و ئێمە ڕێگری لەکەس ناکەین چالاکی لێرە ئەنجام بدات. دەتوانن هەموو جۆرە چالاکییەک لێرە ئەنجام بدەن. بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو نێچیرڤان بارزانی لە ماڵی تورکمان لەگەڵ تورکمانەکان کۆبوویەوە. ئەگەر سەرۆکوەزیران لە نووسینگەی حیزبێک لەگەڵ تورکمان کۆبوبایەوە کەس نەیدەوت لەگەڵ تورکمان کۆبووەتەوە. ئێرە ماڵی هەموو تورکمانەکانە. داوام لە پەرلەمانتار و سەرکردەکانی تورکمان ئەوەیە هەموو دیدار و کۆبوونەوە و سمینارەکانیان لێرە ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی خەڵک بڕژێنە ئێرە.

هەواڵ: عەلی عەنتەر
فۆتۆ: عەلی سالم





# سۆراخی کۆڵانە بەتاڵکراوەکانی گەڕەکی تەعجیل چییە؟

بەڕێوەبەری شارەوانی یەک: هەرکەسێک قەرەبوو کرابێت و بگەڕێتەوە رووبەڕووی دادگا دەبێتەوە

دوا بە دوای هاتنی داعش و دروستبوونی قەیرانی ئابووری بەشێکی زۆری پرۆژەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق وەستا یاخود رووبەڕووی تەگەرە بووەوە.

پرۆژەی خەڵکاندنی (استملاك) گەڕەکەکانی تەعجیل و خانەقا و کۆڵانی عەرەب یەکێکبوو لەو پرۆژانەی کە رووبەڕووی وەستان بوویەوە و کێشەیەکی زۆری تێکەوت. پرۆژەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە ئامادەکرا و ماوەی ٥ساڵیش بۆ جێبەجێکردنی دانرا.

بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی پرۆژەکە وەستێنرا.

شایەنی باسە خانووەکانی گەڕەکی تەعجیل دوای قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکانیان وەکو خۆی ماوەتەوە و هیچ گۆڕانکاری تێدا ئەنجام نەدراوە. لەهەمان کاتدا دانیشتووانی گەڕەکی تەعجیل و دەورووبەری گلەیی ئەوەیان هەیە کە گەڕەکەکە وەکو کاولگەیەکی لێهاتووە و جارجاریش خەڵکانی بەدکار بۆ مەرامی خراپ بەکاری دەهێنن.

بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ مەریوان شوانی، بەڕێوەبەری شارەوانی یەک ئەنجامدا و ناوبراو تیشکی خستە سەر پرۆژەکە و وتی، ”پرۆژەکە ئامانجی ئەوەبوو ئەو گەڕەکانە بکرێت بە ناوچەیەکی مێژوویی و کەلتووری. هاوکات بڕیار درا کە رێگە نەدرێت بەهیچ شێوەیەک باڵەخانەی بەرز دروست بکرێت و ڤیوی قەڵا بزر بکات. دواتر بڕیاری ئیستملاککردنی بۆ دەرچوو.

ئەم بڕیارەش تەنها خانووەکان دەگرێت نەوەک شوێنە بازرگانییەکان. ئەوەندی کرابێت، خانووەکان ئیستملاک کراون و پارێزگای هەولێریش بارێکی قورسی خستە سەرشانی و توانرا نەک تەنها خاوەن مولکەکان، بەڵکو کرێچییەکانیش لە ناوچەی شەمامک زەوییان وەرگرت و قەرەبوو کرانەوە“.

هاوکات مەریوان شوانی وتیشی، ”بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و قەیرانی ئابووری کە رووبەرووی هەرێمی کوردستان بووەوە، پلانەکە سستی تێکەوت. لێتان ناشارمەوە ئەمەیان پرۆژەیەکی ستراتیژییە و پارەیەکی ئێجگار زۆری پێویستە. لەوانەیە ئەستەم بێت لەو بارودۆخەی ئێستا حکوومەت بتوانێت بەجددی گرنگییەکی تەواوی بەو ٣ گەڕەکە بدات چونکە شتی گرنگتر هەیە“.

لەبەردەوامی قسەکانیدا مەریوان شوانی ئاماژەی بە گلەیی خەڵک کرد و وتی، ”وەکو بەرێوەبەری شارەوانی یەک دەتوانم بڵێم قەرەبووکردنەوەکە دوو هێندەی نرخی راستەقینەی مولکەکان بووە. لە کۆڵانەکانی گەڕەکی تەعجیل نرخی باشترین شوێنیش بۆ مەترێک ناگاتە ٦٠٠ دۆلار، ئێمە بەلایەنی کەمەوە هەزار دۆلارمان داناوە. بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بەو ناوچانە دراوە کە دانیشتووانی لێیە. ئەوانەی خاوەن زەوییەک بوون قازانجێکی زۆریان کردووە. لە هەندیک رووەوە کرێچییەکان زیاتر قازانجیان



کردووە لە پرۆژەکە“.

شوانی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو زەوییانەی لە ناوچەی شەمامک دراوە بۆ کرێچییەکان بووە و وتیشی، ”خاوەن مولکەکانیش لەهەر شوێنێکی هەولێر زەوی هەبوبێت، وەریان گرتووە. لە کۆنووسەکانی شارەوانیش هەمووی بەروونی نووسراوە و ئاماژەی پێدراوە. بێگومان دابەشکردنی زەوییەکانیش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ئایا تا چ ئاستێک گەڕەکەکان زەوی شارەوانی تێدا ماوەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی زۆری زەوییەکان لە گەڕەکەکانی ٣٢ی پارک، کونەگورگ،کونەسۆر و تۆبزاوە دراوە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەو شوێنانە زەوی شارەوانی ماوەتەوە“.

لەبەرامبەر پرسیاری گەڕانەوەی ئەو کەسانەی کە قەرەبووکراونەتەوە دووبارە بۆ خانووەکانی خۆیان، بەرێوەبەری شارەوانی یەک وتی، ” ٧ حاڵەتمان هەبوو. ٣ حاڵەتیان چارەسەر کراون و ٤ حاڵەتی دیکە ماون. هەر هەموویان لە گەڕەکی تەعجیلە. لەو حاڵەتانەدا خاوەن مولکەکان سەرەڕای ئەوەی کە قەرەبووکراونەتەوە لەلایەن حکوومەت و مافەکانی دراوە، دووبارە گەڕاوەتەوە خانووەکەی خۆی. لەرێگای قائیمقامیەتەوە نووسراوێک بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر کراوە و تێیدا هاتووە سەرەڕای ئەوەی ئەوانەی قەرەبووکراونەتەوە گەراونەتەوە خانووەکانی خۆیان، پێویستە دەستبەسەر بکرێن تا ئەو ماوەیەی کە لە خانووەکە دەردەچن“.

لەلایەکی دیکەوە عیماد رەفعەت، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر تیشکی خستە سەر گەڕەکەکان و وتی، ”هەرسێ گەڕەکی خانەقا و تەعجیل و کۆڵانی عەرەب لە پرۆژەیەک پێکهاتبوو بۆئەوەی بکرێن بە ناوچەکی کەلتووری و گەشتیاری. پرۆژەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پلانی بۆ دانراو و ماوەکەشی ٥ ساڵ بوو، بەڵام بەداخەوە دوای دوو ساڵ پرۆژەکە وەستا. ئامانج ئەوەبوو لەو پێنج ساڵەدا چەندین قاوەخانە و کافتریا و شوێنی کەلتووری تێیدا بکرێتەوە و لە هەمان کاتدا بدرێت بە کونسولگەرییەکانی وڵاتان. لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژەکە، هاووڵاتییانی دانیشتووی گەڕەکەکان قەرەبوو کرایەوە و دواتر پرۆژەکە وەستا. ئەمەش بووە هۆی هەڵە تێگەیشتنی خەڵک و پێشیان وابوو کەوا بە ئەنقەست خەڵکەکە دەربەدەر کراوە. دوای دەستپێکردنی پرۆژەکە، قەیرانی ئابووری دەستیپێکرد بەهۆی داعش-ەوە و بۆیە دواخرا“.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر وتیشی، ”لە ئێستادا خاوەن مولکەکان قەرەبووکراونەتەوە بەڵام خانووەکان بەهەمان شێوەی خۆی ماوە. بەداخەوە مانەوەی خانووەکان بە وشێوەیە بووەتە هۆی کێشە. کۆڵانەکان بەتەواوی پیسبوون و بێ خاوەن ماونەتەوە. چاوەڕوانین ئەنجوومەنی وەزیران پێکبهێنرێت و پارەیەکی بۆ تەرخان بکرێت لەهەمان کاتیشدا پرۆژەکە دووبارە دەستپێبکاتەوە“.

عیماد رەفعەت لەبارەی قەرەبووکردنی دانیشتووانی گەڕەکی تەعجیل وتی، ”لەپرۆژەیەکی لەم جۆرە بێگومان کێشە و گرفت درووست دەبێت. چونکە کاتێک کرێچی قەرەبوودەکرێتەوە، خاوەن مولکەکەش دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە کچی خاوەن موڵکیش داوای قەرەبوو دەکاتەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، لیژنەیەک دامەزرا کە لە پسپۆرانی بواری خانووبەرە پێکهاتبوو و سیستەمێکیان دانا. بەپێی سیستەمەکەش هەرکەسەو مافی خۆی وەرگرت“.

ناوبراو وتیشی، ”خۆت دەزانی لەو جۆرە بابەتانە کێشە هەردەم درووست دەبێت. هەرکەسەو دەڵێ هی من کەمە و هی ئەو زۆرە. بەڵام بەشیوەیەکی گشتی شتێکی باش ئەنجامدرا و زۆرێک بوون بە خاوەن ماڵ یاخود زەوی. لەسەدا ٨٠ـی ئەوانەی زەوییان وەرگرت، فرۆشتیان و خەڵک سوودمەندبوون. دووبارە دەیڵێمەوە بەشێوەیەکی گشتی کێشەیەکی گەورە رووی نەدا گەر بووبایە، لەلایەن دادگاوە چارەسەر دەکرا. ئەوانەی کێشەیان هەبوو خاوەن ئەو موڵکانەبوون کە شوێنەکەیان روکن بوو یاخود ستراتیژی بوو، ئەوانیش هەموویان چارەسەر کران“.

هەواڵ: زیا عوزێری
فۆتۆ: عەلی سالم

# قەزانجی: سیاسەت لەسەر کۆمەڵێک درووشم بەڕێوەناچێت

بەمەبەستی تاوتوێکردنی دواهەمین دۆخی سیاسی عێراق و پێشهاتەکان بەتایبەتی دوای ماوەیەکی زۆر نەدانی هیچ وەزارەتێک به تورکمان لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی و دۆخی سیاسەتی تورکمان ریپۆرتاژێکمان لەگەڵ هیجران قەزانجی، نوێنەری بەرەی تورکمانی عێراقی لە ئەنقەرە ئەنجامدا. ناوبراو هەموو پرسیارەکانی تایبەت بە عێراق و گۆڕەپانی سیاسی تورکمان و کاریگەرییەکانی تورکیا لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیا وەڵامدایەوە.

## ئایا بەشداری پێنەکردنی تورکمان لە کابینەی نوێدا کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا چی دەبێت؟

پێویستە بە پێوەری سیاسەتی راستەقینە سەیری بارودۆخەکە



بکەین. کورد و عەرەب و وڵاتانی دەورووبەر بێگومان دەیانەوێت تورکمان لە کابینەی حکوومەت بەشداری بکات. بەڵام ئەمەیان لەرووی پراکتیکەوە ناکرێت چونکە کێشەی راستەقینە خاڵی نوێنەرایەتی تورکمانە لە دەستووری عێراق. بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، مافی تورکمان بەپێی پێویست نییە و ئەمەیان هەندێک پەیوەندی بە ئێمەشەوە هەیە.
هەر کەسێک بەپێی خۆی دەیەوێت نوێنەرایەتی تورکمان بکات. بۆ رزگاربوون پێویستمان بە ئەنجوومەنی تورکمانی هەیە. پێویستە لە هەموو ناوچەکانی تورکمان شاندی راوێژکاری هەبێت. ئەرکی شاندەکانیش دەستنیشانکردنی کێشەی ناوچەکەی خۆیەتی و بەو پێیەش دەتوانێت لە ئەنجوومەنەکە بگاتە ئەنجام. دوای ئەمانە دەبێت رووبەڕووی بەغداد ببینەوە. ئەمەیان تەنها لەگەڵ بەغداد نابێت، بەڵکو پێویستە بەهەمان شێوە رووبەڕووی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق-یش ببینەوە. بۆ دەستنیشانکردنی سیاسیەتی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، پێویستە بابەتی ناوخۆیی و دەرەکییەکانمان لەژێر چەتری ئەنجوومەنی تورکمان چارەسەر بکەین و بگەیەنینە شوێنی پێویست.

## ”ئێمە بابەتی وەزارەت زۆر گەورە دەکەین“

لەراستیدا ئێمە بابەتی وەزارەتمان زۆر گەورە کردووە. پێویستە ئامانجی سەرەکیمان چەسپاندنی مافەکانی تورکمان بێت لە دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق. وەزیرێک یاخود دوو وەزیرمان هەبێت بەڵام پێگەی تایبەتی خۆمان نەبێت لە بەغداد، ناگەینە ئامانج. پێویستە پێگەیەکی جددیمان هەبێت لە هەولێر(ئەربیل) و بەغداد.

## ”پێویستە لە دەسەڵاتی خۆجێیی کەرکوک بەهێز بین“

## ”سیاسەت لەسەر کۆمەڵێک درووشم بەڕێوەناچێت“

پێویستە لەو ناوچانە بەهێزبین کە تێیداین بۆ ئەوەی لە بەغداد بەهێزبین. کاتێک دەڵێین ناوەندی تورکمەن ئێلی کەرکوکە، دەبێت لە دەسەڵاتی خۆجێی ئەو شارە بەهێزبین. لە ئێستادا پارێزگای کەرکوک خاوەنی ٢٤ پۆستە، ئایا چەندیان لەدەست تورکمانە؟ تەنها یەکێکیان. دووبارەی دەکەمەوە، پێویستە لەو ناوچانە بەهێزبین کە لێی دەژین. سیاسەت بە کۆمەڵێک درووشم بەڕێوەناجێت.

## ”هەمیشە دەمانووت ’ئەربیل(هەولێر) تورکە و هەر بە تورکیش دەمێنێتەوە‘، ئەی ئێستا چی روویدا؟ ئەوێمان لەدەستدا. بۆ کەرکوکیش هەمان شتە“

کاتی خۆی هەمیشە دەمانووت ’ئەربیل (هەولێر) تورکە و هەر بو تورکیش دەمێنێتەوە‘، ئەی ئێستا چی روویدا؟ ئەوێمان لەدەستدا. بۆ کەرکوکیش هەمان شتە. ئێمە پێویستە ئەمانە چارەسەر بکەین. پۆستی جێگری سەرۆککۆماری عێراق یاخود وەزارت گرنگ نییە.

گەر سەرنجتان دابێت سیاسەتی نەوەیەکی نوێ لە عێراق دەستپێکردووە. سەیری بەرهەم ساڵح بکەن، ئەو سیاسەتەکەی تاڵەبانی رەحمەتی بە بنکەیەکی فراوانتر بەڕێوە دەبات. سیاسەتی بیری کەون کاری پێناکرێت و لەکار کەوتووە. پێویستە لەبەرامبەر سیاسی لەو جۆرە، کەسانی بەهێز پێبگەیەنین. گەلانی دیکە لە دەرەوەی وڵات کەسانی بەهێز و پتەو پێدەگەیەنن. پێویستە ئێمەش بەهەمان شێوە کەسانی سیاسی بەهێز پێبگەیەنین تاکو لەبەردەم سیاسیانی وەک بەرهەم ساڵح هاوسەنگییەکە رابگرین.

لە سیاسەتدا زاراوەی زیز بوون نییە. دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، کوردەکان بۆ پاراستنی سنووری دەسەڵاتی هەرێمی کوردی لە عێراق نزیکی بەغداد بوونەوە. بەهەمان شێوە سوننەکانیش دوای لەدەستدانی دەنگ لە رۆژئاوای وڵات، کێشەکانیان چارەسەر کرد و پەیوەندییان لەگەڵ حکوومەتی بەغداد بەست. پێویستە ئێمەش لە حکوومەتی ناوەند زیز نەبین. ئەمەیان بۆ هەولێریش(ئەربیل) هەر هەمان شتە.
پێویستە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ سێ ناوەند زۆر بەهێز بێت. لەهەمان کاتدا دەبێت پەیوندییەکانمان بەباشی رێکبخەین و بەردەوامی پێبدەین.
بۆ نموونە تورکیا؛ هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تاوەکو ئێستا پەیوەندی ئاشتی و نیازپاکی و سەقامگیری لەگەڵ دراوسێیەکانی پیادە دەکات. پەیوەندییەکانی لەسەر ئەم بنەڕەتانە پێکهێناوە. چونکە سەقامگیری وڵاتانی دراوسێ بە واتای سەقامگیری تورکیا دێت. ئەمەمان لە کاتی سەردانەکەی بەرهەم ساڵح بەشێوەیەکی ئاشکرا بینی.

## وەکو نوێنەری بەرەی تورکمانی عێراقی لە تورکیا لەگەڵ بەرچاوخستنی پێشهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چالاکییەکانتان چۆن بەڕێوە دەبەن؟

بە دوو شێوە لە نوێنەرایەتی ئەنقەرە پیادە دەکرێت. یەکەمیان کاردەکەین لەگەڵ دراوسێکانی عێراق و وڵاتانی نوێنەری هەمیشەیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تورکمان. دووەمیشیان لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی تورکیا کار دەکەین بۆ بەلاوەنانی کێشە و گرفتەکانی نەتەوەکەمان. بێگومان مەبەستم پارتە جوداخوازەکان نییە. لەهەمان کاتدا کار دەکەین لەگەڵ رێکخراوە مەدەنییەکان.

## هۆکاری کەمتەرخەمی میدیاکانی تورکیا بەرامبەر بە تورکمان و دووربوونی گەلی تورکیا لەو بابەتە چییە سەرەڕای ئەوەی کە دۆزی تورکمان گەیشتووەتە رەهەندی سیاسیی تورکیا؟

لێرەدا میدیاکانی تورکیا و خۆمان کەمتەرخەمین. ئاشکرایە میدیا لەسەر سیاسیەتی خۆی و ستراتیژییەتی خۆی کار دەکات. بۆ نموونە ئۆرگانی میدیایی دۆخی تورکمان لەسەر ستراتیژییەتی خۆی وەردەگرێت. بێگومان ئێمە لەسەر داواکارییەکانی گەلی خۆمان قسە دەکەین نەوەک ستراتیژییەتی کەناڵە میدیاییەکان. زۆربەی هەرە زۆری میدیاکانیش قبوڵی ئەمە ناکەن. لەهەمان کاتدا لێدوان دان و قسەکردن لە میدیاکان شتێکی ئاسان نییە. هەر کەسێک لە میدیا شتێک بڵێت، دەبێت لە ژیانی ئاسایشیدا پێداگیری لەسەر بکات و پەیڕەوی بکات. بە پێچەوانەوە میدیا تەنها بۆ درووستکردنی رۆژەڤ کەسەکە بەکار دەهێنێت.

دەربارەی پرسیاری دووەمیش دەمەوێت بڵێم لە ئەمریکا لەسەدا ٢ جوولەکە هەیە. ئامانجی ئەو رێژە کەمە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، ئاسایشی و داهاتووی ئیسرائیلە. ئەوان بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل-یان بە ئەمریکا بەستووەتەوە. واتە هەر گرفتێک رووبەرووی ئیسرائیل ببێتەوە.، کاریگەری لەسەر ئەمریکا دەبێت. ئەمەش بەو مانایە دێت ئەوانەی ئەمریکا تەنها ئامانجیان هەیە ئەویش ئیسرائیلە.

## ”دامەزراوەکانی تورکمان لە عێراق ناتوانن دەنگی تورکمان بەباشی بگەیەنن“

ئێمە لە تورکیا خاوەن ژمارەیەکی باشین. بەڵام پێشەکی ئێمە ناتوانین رێکخراو و شوێنەکانمان بە دامەزراوە بکەین. رێکخراوە مەدەنییەکانمان بەباشی کارەکانیان ناکەن. بۆ نموونە؛ لە گۆڕەپانی تورکمانیدا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی نییە دەربارەی کێشە و گرفتەکان. بۆیە دامەزراوەکانمان پێنەگەیشتوون. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەنگمان بەباشی نەگەیەنین. بەداخەوە لە تورکیا دەسەڵات و پارتەکانی دیکە لەگەڵ دامەزراوەکان رووبەڕووی دەمەقاڵێ و نارەحەتی بوونە. ناکرێت تەنها رەخنە لە تورکیا بگرین. ئەمرۆ ئێمە لەسایەی تورکیا لەسەرپێ وەستاوین. پێویستە دامەزراوە و تاکەکانمان پێبگەیەنین.

بەرێز ئەرشەد سالحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی عێراقی هەموو کاتێک لەبارەی تورکمانەوە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تورکیا هەیە. پێشهاتەکانی عێراق و تورکمان بەشێوەیەکی چالاک بۆ بەرپرسانی تورکیا دەگوازرێتەوە.

## ”سەرەڕای بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر، دوورخستنەوەی تورکمان لە بەغداد مایەی نیگەرانییە“

کۆماری تورکیا پێی وایە پێدانی وەزارەت بە تورکمان شتێکی پێویستە. چونکە تورکمان وەکو سێیەمین پێکهاتەی عێراق، لە بابەتی پاراستنی یەکپارچەیی خاکدا رۆڵێکی باڵایان هەبوو. پشتگیری کردنی لە ناوچەی دژەفرین لە ساڵی ١٩٩١ و پشتگیری کردنی بزاڤی تورکمان دواتر لە ساڵی ١٩٩٥ بوو بە چەتر لەژێر ناوی بەرەی تورکمانی عێراق و هەمیشە لەپێناو ئاشتی لە عێراق و یەکپارچەیی خاک هەنگاوی ناوە. بەڵام سەرەڕای بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر، دوورخستنەوەی تورکمان لە بەغداد مایەی نیگەرانییە. ئەمەیان ئاماژەیەکە بۆ لەناوبردنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و هیوای پێکەوەژیان.

کۆماری تورکیا هەمیشە لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراق دایە. ئەمە تەنها بۆ تورکمان نییە، بەڵکو بۆ سوننە و شیعە و کوردە کاتێک رووبەرووی کێشەیەکی سیاسی دەبنەوە، هەمیشە تورکیا هەوڵی چارەسەرکردنی داوە. ئەمەشیان ئاماژەیەکە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق.

هەواڵ: عەبدوڵا ئەحمەد

دکتۆر فەیسەڵ دەهام

# ئەمساڵ ڕێژەی باران بارین بە بەراورد لەگەڵ پارساڵ زیاترە

ئەمساڵ جیا لە ساڵەکانی دیکە بارانێکی زۆر هەرێمی کوردستانی عێراقی گرتەوە. بەو پێیەش ئاستی ئاو لە بەنداوەکان تا ڕادەیەکی زۆر ئاوی گڵداوەتەوە.

پێشووتر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ڕێژەی بارانبارین بۆ مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پار لە هەمان مانگەکان جیاوازییەکی زۆری هەیە و نزیکەی دوو جار زیاتر باران باریوە.
لەو بارەیەوە دکتۆر فەیسەڵ دەهام ئاغا، پسپۆر لە بەنداو و سەرچاوەکانی ئاو و مامۆستای زانکۆ تایبەت بە تەبا تیشکی خستە سەر ڕێژەی بارانبارین و گڵدانەوەی ئاو لەلایەن بەنداوەکانەوە و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە ئاوی باران و وتی، "ئەمساڵ ڕێژەی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو زیادی کردووە و بارانێکی زۆر باریوە. باران بارین سوودی زۆری هەیە؛ یەکەم سوودی بۆ گڵدانەوەی ئاوی سەر زەوی زۆر گرنگە و دەتوانرێت ڕێژەیەکی زۆر لەو ئاوە گڵبدرێتەوە".

هاوکات دکتۆر فەیسەڵ وتیشی، "بەنداوەکانی وەک دوکان و دەربەندیخان لە ئێستادا ئاوێکی باشیان کۆکردووەتەوە. چاوەڕێ دەکرێت گڵدانەوەی ئاو زیاتر بێت. گەرچی بەنداوە بچووکەکان بەهەمان شێوە گڵدانەوەیەکی باشی ئاوی لێ ئەنجام دراوە و هیوادارین هەنگاو بنرێت بۆ دروستکردنی بەنداوی مام ناوەند و بەنداوی گەورە و تەرخانکردنی بوودجە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گڵدانەوەی ئاو، چونکە گڵدانەوەی ئاو و ئاوی باران سوودی هەیە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی ئاودێری و بوژانەوەی ئاوی ژێر زەوی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوی".

لە بەردەوامی قسەکانیدا ئە وپسپۆرەی بەنداو و سەرچاوەکانی ئاو وتیشی، "ڕێژەی زۆری ئاو یاخود باران بۆ ژینگەپارێزی و پاکی ژینگە سوودی زۆری دەبێت. ئەو ئاوی بارانەی کە گڵدەدرێتەوە لە وەرزی زستان و کاتی باران بارین، لە وەرزی هاوین بەکاردێت بۆ خواردنەوە و پرۆژەکانی کشتوکاڵی و ریچارج واتە بۆ بوژانەوەی ئاوی ژێر زەوی یان دەوڵەمەندکردنی ئاستی ئاوی ژێر زەوی. ئەمانە هەمووی سوودمەند دەبن لە باران بارین".
دکتۆر فەیسەڵ دەهام ئاغا ئاماژەی بە بەڕێوەبردنی ئاو کرد و بە سەرنجەوە ڕایگەیاند، "دەمەوێت تیشک بخەمە سەر بەڕێوەبردنی ئاو، هیوادارام دەزگا فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێگای زانستی بەکار بهێنن بۆ گڵدانەوەی، چونکە ئیدارەی ئاو زۆر گرینگە.

ئێمە تاوەکو بکرێت سوود لەم ئاوەی  کە هەمانە وەربگرین لەهەمان کاتیشدا بیر لە داهاتووی نەوکانمان بکەینەوە و نەهێڵین گرفتی کەم ئاوی ڕوویدات لە هەرێمی کوردستان".

ناوبراو نایشارێتەوە کە هەندێک هەنگاوی زانستی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و وتی، "لە ڕاستیدا هەندێک هەنگاو هەیە بۆ گڵدنەوەی ئاو. کاتێک ئێمە باسی پاراستنی ئاو دەکەین، بە دوو واتا دەیڵێین. یەکەمیان لە بواری بڕی ئاو، واتە ئەو بڕە ئاوەی کە گڵ دەدرێتەوە. ئەوەیان بۆ پرۆژەی ئەندازیاری و پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی بچوک و مام ناوەندی ئەنجام دەدرێت بۆ گڵدانەوەی زیاترین بڕی ئاوی باران. دووەمیان پاراستنی ئاو لە ڕووی کواڵێتی جۆری(Quality assurance). ئێمە دەبێت ئەو ئاوەی کە هەمانە بیپارێزین لە پیسبوون، واتا ئەو سەرچاوە ئاویانەی کە هەمانە بە پاکو و خاوێنی بیهێڵینەوە و بتوانین بەکاری بهێنین و نەهێڵین ئاوی بەکارهاتوو تێکەڵی ئەم ئاوە ببێتەوە".



لەلایەکی دیکەوە دکتۆر فەیسەڵ تیشکی خستە سەر مەترسی گڵدانەوەی زۆری بەنداوەکان و وتی، "بەنداوەکان بە شێوازێکی زانستیانە دروووست دەکرێن. بەشێوەیەک هەموو بەنداوەکان بینایەکی کۆنکریتیان هەیە کە پێی دەڵێن سپیل وەی. ئامانجی ئەم بینایە بۆ بەڕێکردنی ئاو لە کاتی لافاو و بەنداوەکان بەکاردێت.
گەر بە شێوەیەکی دیکە باسی بکەین، ئاشکرایە کەوا بەنداوەکان ڕێژەی لەخۆگرتنی ئاویان سنووردارە. بۆیە بەقەد توانای ئاو دەگرێت و ئەوی دیکە کە ئاوی زیادەیە بەڕێگەی سپیل وەی بەڕێ دەکرێت.
ئینجا ئێمە چەند بەنداو دروستبکەین چ بەنداوی گەورە یان بچوک یان مام ناوەندی ئەوەندە سوودمەندتر دەبین، چونکە هەر ئاوێک کە لە بەنداوەکە تێپەر بوو بە ئاوی بە فیرۆچوو دادەندرێت واتە ئەو ئاوە بە فیرۆ دەچێت بۆی هەیە دواتر ئەو ئاوە بەکاربێت یاخود نا. لە بەشی خوارەوەی بەنداوەکە".

لەهەمان کاتدا ناوبراو تیشکی خستە سەر ڕووداوی شکانی دەرگایەکی بەنداوی دیجلە و وتیشی، "بەنداوی دیجلە لە بناغەکەیەوە گرفتی هەیە، واتە لە بنچینەکەی بەشی ناوەوەی ئەم بەنداوە کەپسێک هەیە کاتێک ئاو دەگاتە ئەو بەشە،  دەتوێتەوە. بەم شێوەیەش بڕی دەرچوونی ئاو لە بەنداوەکە زۆر دەبێت و مەترسی شکانی دەرگاکان دێتە بەردەممان. بەم هۆیەشەوە لە ئێستادا ئاستی ئاوی ئەم بەنداوەیان دابەزاندووە تاوەکو گرفتەکە چارەسەر دەکەن".
ناوبراو ڕاشیگەیاند کە ڕێژەی  زۆری گڵدانەوەی ئاو سوودی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و وتی، "یەکێک لە جۆری دروووستکردنی کارەبا  کە بە پاکترین شێوازی دروستکردنی کارەبا دادەندرێت، هایدرۆ پاوەرە. واتە بەدەستهێنانی وزەی کارەبا لە ڕێگای ئاوەوە. ئێستا هەریەکە لە بەنداوەکانی دۆکان و دەربەندیخان وزەی کارەبا تێیدا بەرهەم دەهێنرێت و هەر چەند گڵدانەوەی ئاوەکە زۆرتر بێت ئەوەندە وزەی کارەبا زیاتر بەرهەم دەهێنرێت. پێم وایە تاوەکو وەرزی بەهار ئاستی ئاو لەو بەنداوانە بگاتە ئاستی فول کاپاسیتی خۆی و بەرزترین ئاستی گڵدانەوەی ئاو تۆمار بکەن".

لەکۆتاییدا دکتۆر فەیسەڵ دەهام ئاغا ئاماژەی بە پرۆژەکانی حکوومەت دا دەربارەی دروووستکردنی بەنداو و وتی، "هەندێک قسە و باس هەن کە داوا دەکرێت لە حکوومەت بوودجەیەک تەرخان بکرێت بۆ تەواوکردنی هەندێک لە پرۆژەکان. ئومێدەوارین حکوومەتی هەرێم بوودجەیەک تەرخان بکات بۆ بەنداوەکان، چونکە هەندێک بەنداو کارێکی ئەوتۆیان ماوە بۆ تەواوکردن و  گڵدانەوەی ئاو. گەر هەنگاوێکی لەو جۆرە هەبێت شتێکی باش و بەسوود دەبێت. هیوادارم دەزگا فەرمییەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان بایەخ بە بەڕێوەبردنێکی زانستی بدەن بۆ ئەوەی بتوانین زانستیانە ئاوی کوردستان بەکاربهێنین تا بتوانین بۆ هاووڵاتییان دابینی بکەین".

**هەواڵ:مەحەمەد ئایدن**
**فۆتۆ: عەلی سالم**

# شەیتانێک لە بەرگی مرۆڤ دا



قەشە گریگۆری راسپوتین ( جادووگەر ، فێڵباز ، پیاوی ڕوحانی ...)

گریگۆری یەفیمۆڤیچ راسپوتین لە ساڵی ١٨٦٩ لە گوندی (پوکرۆفیسکۆی) لە سیبیریا لەتەک چیاکانی ئوراڵ لە دایکبووە. ناوبراو لەمێژووی ئایینی مەسیحیدا بە قەشەیەکی فێڵباز و داوێنپیس ناسراوە. راسپوتین لە سەرەتاوە خوێندەوارە  و کوڕی  جوتیارێکی دەوڵەمەندە. لە تەمەنی منداڵیدا خۆی و براکەی لەئاکامی کەوتنیان بۆ نێو زەریا، برایەکەی گیانی لەدەستدا و خۆیشی دوای ماوەیەکی زۆر لە بێهۆشی بەخەبەر دێتەوە و توشی حالەتێکی سەرسورهێنەر بویەوە کە هەست بە هێزێکی لەڕادەبەدەری خودایی دەکات بە شێوەیەک بە یەک دەستلێدان چارەسەری ئەسپێکی نەخۆش دەکات. بەهۆی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ کچانی گوندەکەی، نازناوی (راسپوتین) واتە داوێنپیسیان پێ دابوو. ناوبراو خاوەنی لەش و لارێکی جوان و دەموچاوێکی سەرنجراکێش و هێزێکی فیسیۆلۆجی بەهێز بوو بەتایبەتی چاوەکانی توانای ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەری بە ڕێژەیەکی زۆر هەبوو بە جۆرێک کە تەنانەت پیاوەکانیش نەیاندەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر سەرنجی چاوی بکەن بۆیە بەناچاری خۆیان دەدزیەوە لە زۆر سەیر کردنی چاوەکانی.

لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا راسپوتین خاوەنی هاوسەر و چوار خێزان بوو. لەسەر تاوانی دزینی ئەسپێک گوندەکەی جێهێشت و بەرەو شارێکی دیکە و خۆی بە پیاوی ئایینی و ڕوحانی ناساند. لە ئاکامیدا ناوبانگی راسپوتین لە سەرانسەری ڕووسیا بڵاوبویەوە وەکو گەڕۆکێک کە خاوەنی ستایلێکی سەیر بوو. ئەوەش بە درێژایی ئەو گەشتانەی دەیکرد خۆی نەدەشوشت و جلی تایبەت و زرپۆشی لەبەر دەکرد بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پەیرەوکەرانی.
لە کاتی یەکێک لە گەشتەکانیدا توشی تایفەیەکی سنوور بەزێن و داوێنپیس دەبێت بە ناوی ( خالیستی )کە شێوازی سێکسکردنیان نامۆ بوو و بە لادەر ناوبانگیان دەرکردبوو. راسپوتین توانی بڕوایان پێ بهێنێ و بیانکاتە شوێنکەوتەی خۆی. ئەمەشیان بە وتارە سەرنجراکێشەکەی کە دەڵێ ئەو کەسانەی کە داوێنپیس و زینا دەکەن نزیکترین و پیرۆزترینی خودان گەر بێتوو پەشیمان ببنەوە و تۆبە بکەن لەلای خودا.
لە ساڵی ١٩٠٢ لە میانی مەراسیمێکدا وتارێک پێشکەش دەکات و ڕادەگەیەنێت کە (مەریەم)ی حەزرەتی دایکی عیسا-ی لە خەو بینیوە و پێی گوتووە بچێت بۆ سان پێتەرسبێرگ بۆ هاوکاریکردنی خانەوادەی شاهانە.

لە ساڵی ١٩٠٧ئەلێکسی-ی کوڕی نیکۆلای دووەم، قەیسەری ڕووسیا توشی نەخۆشی هیمۆفیلیا دەبێت و دکتۆرەکان ناتوانن خوێنبەربوونی ناوەکی بوەستێنن. هاوکات بە قەیسەر ڕادەگەیەنن کەوا لە ماوەیەکی نزیکدا کوڕەکەی گیانی لەدەست دەدات. لە ئەنجامدا هاوسەری قەیسەر بە مەراسیمێکی شاهانە پێشوازی لە راسپوتین دەکات و ناوبراو دەتوانێت بەرێگەی هایپنۆتیزم خوێنبەربوونەکەی بوەستێنێت. ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی گۆڕانی ژیانی راسپوتین، بەشێوەیەک هاوسەری قەیسەر دەکەوێتە داوێنی خۆشەویستی راسپوتین و لەئاکامدا دەبێتە هۆکاری پەیوەندی نێوانیان.
لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، راسپوتین دەتوانێت بچێتە نێو مەحرەمی قەیسەر و بەناوی ئاینی مەسیحییەوە چەندین بەدکاری ئەنجام دەدات و دەبێتە یەکەم کەسی نزیکی قەیسەر. هاوکات لە نێو سوپاکەی قەیسەر بە دەیان فەرماندەی سەربازی دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی. ئەو وای لەقەیسەر گەیاندبوو کە دەتوانێت پێشبینی هەموو شتێکی بۆ بکات، تەنانەت لەیەکێک لەپێشبینییەکانیدا بە نامەیەک بۆ قەیسەر دەنێرێت و تێیدا هاتووە، "تەنانەت یەکێک لە ناسیاوەکانیش بمکوژێت، لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا خانەوادەکەت و ناسیاوەکانت بەدەست گەلی ڕووسیا دەکوژرێن".

لە ئەنجامدا نامەکەی راسپوتین شوێنی خۆی گرتەوە و ڕاست دەرچوو،

لە هەمان ماوە ڕووسیا لە ساتە وەختی جەنگی جیهانی یەکەمدا ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبوویەوە و ململانێیە ناوخۆییەکانیش گەیشتبوونە لووتکە. ئاگری شۆڕش لە پەنجەرەکانەوە بەدیار دەکەوت. راسپوتین پەیوەندی باسی لەگەڵ ئەڵمانیا هەبوو، بۆیە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی قەیسەر هەبوو. لەو کاتەدا ئینگڵتەرا دەکەوێتە ئەندێشەی ئاشتبوونەوەی ڕووسیا و ئەڵمانیا، بۆیە هەڵدەستێت بە ناردنی سیخوڕ بۆ ڕووسیا. هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کەوا لە مەراسیمێکدا بە پێدانی کێک و شەرابی ژەهراوی، هەوڵی کوشتنی راسپوتین دەدرێت بەڵام لەو بۆسەیە نامرێت، دواتر بە گولـلە دەکوژرێت.

**ئامادەکردنی: بڕوا عومەر**

### بەرپرسی سەندیکای رۆژنامەنووسان

# زیاتر لە ٨ هەزار ئەندامی هەیە

گێڕانەوەی یادی رۆژنامەگەریی لە هەر وڵاتێک بەشێوەیەک بەڕێوەدەچێت و هەمووشیان بەرواری جیاوازیان هەیە. لەژێر سێبەری یاد و بۆنەکانیش ئازاردان و پێشێلکردنی مافەکانی رۆژنامەگەریی بەردەوامە و ساڵانە بە هەزاران رۆژنامەنووس دەبنە قوربانی دەستی توندوتیژی.

لە دواهەمین راگەیەندراوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستاندا ئاماژە بەوە دراوە کە هێشتا یاساکانی کاری رۆژنامەنووسی ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای مافی خانەنشینی رۆژنامەنووسان جێبەجێ نەکراوە و کاری رۆژنامەنووسی وەکو پیشە سەیر ناکرێت و بە حرفیەی نەکراوە.

بەمەبەستی تاوتوێکردنی دواهەمین دۆخی رۆژنامەنووسان و میدیاکارانی هەرێم و چۆنییەتی ئەندامبوون لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و رێکارەکانی، پەیوەندییمان بە سمکۆ عەبدولکەریم، بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد و لەبارەی ژمارەی ئەندامانی سەندیکاوە وتی، " بە شێوەیەکی گشتی سەندیکای رۆژنامەنووسان لە هەموو کوردستان سەروو ٨ هەزار ئەندامی هەیە. بەڵام بۆ لقی هەولێر ئەم ژمارەیە لە سەرووی ٢ هەزار ئەندامە. جێگای باسە کە زۆر جار رەخنە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان دەگیرێت کە ئەندامی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە و بە بەراورد لەگەڵ رووبەری کوردستان. بۆنمونە لە کاتێکدا ٣ پارێزگا هەیە، ژمارەی ئەندامان سەرووی ٨ هەزارە".

هاوکات سمکۆ عەبدولکەریم تیشکی خستە سەر گرفتی زۆری ئەندامان و وتیشی، " هەر ئەندامێک گەر هاتوو ساڵانە ناسنامەی سەندیکای نوێ نەکاتەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان نەگەڕێتەوە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک و پەیوەستی نەبێت، هەژمارەی ئەندامبوونی بۆ ناکرێت. ئەندامی کارا ئەوانەن کە ناسنامەیان نوێکردووەتەوە و ئابوونەی ساڵانەیان داوە. بەڵام بەوەش بەراورد بکەین کە وێرای ئەوەی باری ئابووری وڵات زۆر باش نییە، رێژەی ئەوانەی ساڵانە ئابوونە دەدەن زۆر کەمە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێک لەوانەی لەمەوبەر لە سەندیکای رۆژنامەنووسان بوونەتە ئەندام، ئێستا لە هیچ کەناڵێکی راگەیاندن و هیچ دەزگایەک کار ناکەن یاخود دوورن لە کاری رۆژنامەنووسی. سەندیکای رۆژنامەنووسانیش هیچ رێوشوێنێکی نەگرتووەتە بەر بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەک لە لیستی ئەندامەکانی بکات و لیستەکە خاوێن بکاتەوە لەوانەی کە لە دەزگاکانی راگەیاندن بە شێوەیەکی کارا کار دەکەن یاخود لەوانەی کە خۆیان لەو کارە دوورخستووەتەوە".

لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاماژەی بە پێوەری ئەندامبوون لە سەندیکا دا و وتی، " لە ساڵی ١٩٩٨ لە کاتی دامەزراندنی سەندیکا شێوازی وەرگرتنی ئەندامێتی تا رادەیەک نا رێک بوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرەتای کارەکە بوو و ویستوویانە ئەندامی زۆر کۆبکەنەوە. بەڵام ئێستا ئێمە پێوەرێکمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە داناوە. بۆ نموونە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ببێت بە ئەندام پێویستە پشتگیریی لە کەناڵە



یاخود دەزگا راگەیاندنەکان بهێنێت و گرێبەستی ئەو شوێنە یاخود ئەو دەزگایە بهێنێت کە کاری لێ دەکات. ئێمە بەم رێگانە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکەمان داوە".
ناوبراو رایگەیاند پێوەری بوون بە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەوانی لە وڵاتانی دیکە جیاوازە و دەڵێت، "ئەم بابەتە لە وڵاتانی دەرەوە و ئەورووپا بەستراوەتە بە ئابوونە و باج و پێویستییەکانی ئەم کارە. بۆ نموونە کەسێک لە دەزگایەکی راگەیاندن کار دەکات داواکارییەک بۆ بە ئەندامبوون لە سەندیکا پێشکەشدەکات، ئەو کات وەردەگیرێت بە ئەندامیەتی چونکە ساڵانە وێنەی بۆ نوێکردنەوەی ناسنامەکەی لێ وەردەگیرێت. خەڵکانی دەرەوەی وڵات داواکاری بۆ شتێک پێشکەش ناکەن کە کاری پێوە نەکەن واتە لە پێناو هیچ".

سمکۆ عەبدولکەریم دەشڵێت، "لە رابردوودا چەند مافێک هەبووە بۆ بە ئەندام بووەکان وەک ئەوەی چەند ئەندامێکی ئەم سەندیکایە لە رابردوو سوودمەند بوونە لە وەرگرتنی زەوی بە ناسنامەی سەندیکا. جیا لەمە ئەو کات کەسێک فەرمانبەر نییە و ئەندامە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان و دواتر دەچێت دادەمەزرێت لە کارێک، دەتوانێت تا ماوەی ١٠ ساڵ خزمەتی رۆژنامەنووسی بباتەوە سەر کاری وەزیفی. ئەمانە هەموو وای کردووە کە خەڵک بیەوێت ببێت بە ئەندام لە سەندیکای رۆژنامەنووسان".

لەلایەکی دیکەوە ئەو بەرپرسەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاماژە بە رۆڵ و ئەرکی سەندیکا دەدات لەبەرامبەر هەر رووداوێکی نەخوازراو بەرامبەر بە رۆژنامەنووسانو وتی، "کاری سەندیکای رۆژنامەنووسان بەرگری کردنە لە ئازادی را دەربڕینی کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان. هەروەها داکۆکی کردنە لە مافی رۆژنامەنووسان. جیالەمە سەندیکای رۆژنامەنووسان رێگا ئاسانییە بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییەک بۆ مەشقپێکردن و راهێنان و چۆنیەتی ئاشناکردنی رۆژنامەنووسان بە کاری میدیایی لە رێگەی کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ بۆ رۆژنامەنووسان".

سمکۆ عبدولکەریم لەبارەی پەیوەندییان لەگەڵ فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و پێشکەشکردنی پێشێلکارییەکان بە فیدراسیۆنی ناوبراو وتی، "سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەندامە لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی. ئێمە لیژنەیەکمان هەیە بە ناوی لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان، لە هەر ٦ مانگ جارێکدا راپۆرت ئامادە دەکات لە بەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکارییانەی کە لە دژی رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاند روودەدات لە کوردستان. ئەمانە تۆمار دەکرێن و دواتر کۆپییەکی دەنێردرێتە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی".
ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێداگیری لەوە دەکەن سزاکان لەسەر یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان جێبەجێ بکرێت و دەشڵێت، "زۆر جار لە دادگاکان رووبەڕووی پێشێلکردنی ئەم یاسایانە دەبینەوە و یاساکان بەم شێوەیە پەیرەو ناکرێن. ئەمەش لە کاتێکدا روودەدات کە دادوەر پەنا بۆ یاسای سزادانی عێراقی دەبات جیا لە یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان"
لەبەرامبەر پرسیاری هەبوونی رۆژێکی تایبەت بە رۆژنامەگەریی گشت نەتەوەکانی جیهان سمکۆ عەبدولکەریم، بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکاری رۆژنامەنووسانی کوردستان وتی، " دانانی یادێک بۆ رۆژنامەگەری شتێکە و رێزگرتن بۆ رۆژنامەنووسان شتێکی دیکەیە کە لە جیهان چەند شێوازێکی بۆ بەکار دێت وەک داکۆکی کردن یان رێزگرتن لە رۆژنامەنووسانی زیندانی کراو یان رۆژنامەنووسانی شەهیدبوو. جیا لەمە بۆنەیەک هەیە لە ژێر کایەی ئازادی رۆژنامەگەری جیهانی".
ناوبراو لە کۆتاییدا وتی، "لە کوردستان دا ئێمە تەنها یەک بۆنەمان هەیە کە پەیوەستین پێی و ساڵانە چالاکی ئەنجامدەدەین و یادی دەکەین. ئەویشیان ٢٢ی نیسانە کە تێیدا یادی رۆژنامەگەری کوردی دەبێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٧٩ یەکەم رۆژنامەی کوردی بە زمانی کوردی لە قاهیرە دەرچووە".

**هەواڵ:محەمەد ئەمین**
**فۆتۆ: عەلی عەنتەر**

# دارڕشکە.. ئامێرێک بۆ شەرکردنی کورەچییەکان

کورەچییەکان یەکێکن لەو هۆزانەی کە لە هەولێر (ئەربیل) هەن و خاوەن پێگەی خۆیانن و هۆزێکی تورکمانی رەسەنن.

ئەوانەی لە هەولێر(ئەربیل) دەژین ئاشنای ئامێرێکن کە لەلایەن کورەچییەکانەوە بە مەبەستی خۆپاراستن و شەرکردن بەکار دێت. ناوەکەشی "دارڕشکە"یە، هاوکات ئەم ئامێرە خاوەن چەندین چیرۆک و قسەی نەستەقی کۆمیدییە.

## دارڕشکە چییە و چۆن درووست دەکرێت؟

بێگومان دۆزینەوەی ئەو ئامێرە زۆر ئەستەمە. چونکە سەردەمەکە گۆڕاوە بەهەمان شێوە مرۆڤەکانیش گۆڕاون. بۆیە ئەم ئامێرە گرنگی خۆی لەدەستداوە بەڵام ناو و نرخەکەی هەر ماوەتەوە. بۆیە نەوەی نوێ ناوەکەی دەزانن بەڵام ئاشنای نین و نازانن چۆن دروست دەکرێت.

لاشە یاخود دەسکەکەی دارڕشکە وەکو چەکوشێک لە دار دروست دەکرێت. دواتر لاستیکی بەکارنەهاتووی تایەی ئۆتۆمبێل یاخود پاسکیل لە هەردوو بەشی دارەکە دەدرێت. پێویستە لاستیکەکە پانییەکەی لە نیو پەنجە زیاتر نەبێت. دواتر هەردوو بەشی کۆتایی دارەکە لەگەڵ سوڕاندنەوەی لاستیکەکە وەکو تۆپەڵەیەکی لێدێت. بەمەبەستی یەکترگرتنی و نەکرانەوەی لاستیکەکە، هەردوو بەشی هەڵدراوی دارەکە لەسەر ئاگرێک دادەنرێت بۆ ئەوەی پتەو بێت.

هەندێک کەس دوای هەردوو بەشی خوارەوە و سەرەوەی دارەکە بە نەوتی نەپاڵاو واتە قیر بۆیە دەکات.

بۆ ئەوەی قیرەکە وشک بێتەوە، پێویستە بۆ ماوەیەک جێبهێڵرێت و دواتر بزمار یاخود کلیپسی لێ دەبەسترێت.

ئامێرێکی دیکە هەیە بەناوی (قیر-پاچ) بەڵام ئەمەیان لەڕووی دەسکەکەیەوە جیاوازە و کورتترە. لەهەمان کاتدا تەنها یەک تۆپەڵەی هەیە.

شایەنی باسە تەنها کورەچییەکان وشەی دارشکە بەکار دەهێنن. لەلایەکی دیکەوە بەشێوەیەکی گشتی کورەچییەکان بە داری ئاساییش دەڵێن دارڕشکە. واتە لەکاتی شەڕکردن بە دارێکی ئاساییش دەڵێن "برۆ ئەو دارشکەیەم بۆ بهێنە" و مەرج نییە ئەو رێکارانەی سەرەوەی لەسەر ئەنجامدرابێت.
بەتەمەنەکان هەمیشە باس لەوە دەکەن کاتی خۆی لە هەولێر(ئەربیل) کورەچییەکان هەموو شەڕەکانیان بەو ئامێرە کردووە. وا باس دەکرێت کە لەماڵەوە و دوکان و تەنانەت لەنێو سەیارەکانیشیاندا دارڕشکە یاخود قیرباچ هەبووە.

نەریتی دارڕشکە وەکو هونەری بەرگری لەناوچووە بەڵام ناو و چیرۆکەکانی هەمیش لەسەر زاری خەڵکە.



**ئامادەکردنی: محەمەد عەبدولجەبار**

# حەوت سەیر و سەمەرە نوێکەی جیهان

ئاشکرایە کە حەوت سەیر و سەمەرەکەی جیهان لەشوێنە جیا جیاکانی ئەم جیهانە لە لایەن مرۆڤەکانەوە بنیات نراوە و بە کارە ئەندازیاریەکانی مرۆڤەکان دادەنرێن. ئەو کارانەش بە " حەوت سەیر و سەمەرەی جیهان" یاخود " حەوت سەیر و سەمەرە نوێکەی جیهان" ناسێنراون. سەیر و سەمەرەکان کە لە لایەن مرۆڤەکانەوە بنیاتنراون، لە کیشوەرە جیاوازەکانی ئەم جیهانە شوێنیان گرتووە. بە سەدان ساڵ بەم شێوەیە بووە و تاوەکو ئەو رۆژەی ئێستامان هاتۆتە ژێر دەستی شارستانیەت.

وەقفی نیو سێڤن وۆندەرس لە وڵاتی سویسرا هەڵستا بە دووبارە دەستنیشانکردنەوەی حەوت سەیر و سەمەرەکەی جیهان بە دەنگدان لە رێگەی مۆبایل و ئینتەرنێتەوە. لە پێشبرکێکەدا ٢١ کاری براوە بۆ قۆناغی کۆتایی سەرکەوتن. دەنگدانەکە لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەستی پێکرد و لە ٧ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٧دا کۆتایی پێهات. لەم ماوەیەدا نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس توانیان دەنگیان بەکاربهێنن بۆ دیاریکردنی حەوت سەیر و سەمەرە نوێکەی جیهان.

بەو پێیەش ڕیزبەندی حەوت سەیر و سەمەرە نوێکەی جیهان بەم شێوەیەیە:



### ١- چیچان ئیتزا - مەکسیک

هەرەمی (Pyramid) چیچان ئیتزا یەکێکە لە حەوت سەیر و سەمەرە نوێکەی جیهان، بەر لە دۆزینەوەی ئەمریکا لەلایەن کریستۆف کۆلموب، نەتەوەی مایاکان کە لە گەردونزانی و ماتماتیک زۆر پێشکەوتوو بوون، دروستکراوە و تاوەکو ئەمڕۆش وەکو خۆیان ماونەتەوە. شوێنی چیچان ئیتزا دەکەوێتە نیمچە دورگەی یوکاتان، سەردەمانێک ئەم شوێنە یەکێک بووە لە ناوەندێکی ئاینی زۆر گرینگ لە شاری ئیتزا. بەڵام لە ئێستادا ئەو گەشتیارانەی کە دێنە وڵاتی مەکسیک یەکێک لە شوێنە هەرە گرینگەکان کە هەر دەبێ سەردانی بکەن هەرەمی کوکولکان، کەلە ٤ لاوە ٩١ پایەی هەیە لەگەڵ چینی سەرەوەشی بە گشتی لە ٣٦٥ پایە پیکدێت وە ئەمەشیان ئاماژەیە بە رۆژەکانی ساڵ. هەروەها لە کاتی یەکسانبوونی شەو رۆژدا لە وەرزەکانی بەهار و پایزدا کاتێک تیشکی خۆر لە هەرەمەکە دەدات لە سایەی کەلێنەکانی هەرەمەکەوە و لە ژێرەوەی پایەیی قاندرمەکانەوە سێبەری سەری دوو مار دروست دەبێت. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە خەڵکی مایا لە بواری زانستی ئاسمانەوانی و ئەندازیاری چەندە پێشکەوتوو بوونە. مێژووی دروستکردنی هەرەمەکانی چیچان ئیتزا و دروستکراوەکانی چواردەوەری ئەو هەرەمە بۆ سەدەی نۆیەم دەگەرێتەوە.



### ٢-پەیکەری عیسای رزگارکەر - بەرازیل

ریۆ دی جانیرۆ ئەو شارەی کە پێشوازی لە دواین ئۆڵۆمپیات کرد و یەکێکە لە شارە هەرە ناسراوەکان بە تەنها لە بەرازیل نا بەڵکو لە هەموو ئەمریکای لاتین. ئەم شارە لەسەر گردەکانی ئەندریان بنیاتنراوە و بە کەنار دەریا دوور و درێژەکانی بەناو بانگە. لە هەمان کاتدا خاوەنی پەیکەری عیسای رزگارکەرە. درێژیی پەیکەرەکە ٣٨ مەترە لەسەر چیایەک جێگیر کراوە کە بەرزییەکەی ٧١٠ مەترە و بە هۆی بەرزیەکەیەوە بەسەر دیمەنی شارەکەدا زاڵە. پەیکەری عیسای رزگارکەر لە ساڵی ١٩٣١ لەسەر چیای کۆرکۆڤادۆ دروستکراوە، لە ئێستادا بە هێمای شاری ریۆ دی جانیرۆ دادەندرێت.

### ٣- دیواری چین – کۆماری گەلی چین

تەنها بینا کە لە بۆشایی ئاسماندا ببینرێت دیواری چین-ە، لەسەر مێژووی دروستکردنی ئەم دیوارە هەندێک قسە و باسی جیاواز هەیە بەڵام بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، بۆ سەدەی سێیەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە. چینییەکان ئەم دیوارەیان لە دژی شاڵاوی سووپای هونەکان بۆ پاراستنی پایتەختی چین و داگیرنەکردنی خاکەکەیان دروستکردووە. لە ئێستادا بۆتە شوێنێک کە



گەشتیارەکان بۆ وێنە گرتن سەردانی دەکەن . دیواری چین ئەندامە لە لیستی کەلەپووری جیهان "یونسکۆ". کۆی درێژی دیواری چین ٢١،١٩٦،١٨٠ مەترە، دیوارەکە لە ناوچەیەکی شاخاوی و لەسەر خاکێک دروستکراوە کە گەیشتن بەم شوێنانە زۆر قورسە.درێژی دیواری چین بۆ مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەش جێگای سەرسورمانە. هەروەها لە رابردوودا درێژی ئەم دیوارە زۆر زیاتر بووە. بەرزی ئەو بورجانەی کە لەسەر دیواری چینن دەگاتە ١٤ مەتر.





### ٤- ماچوو پیچۆ- پێرۆ

ئەم جارەیان ئاراستەکەمان لە وڵاتی چینەوە بۆ چیاکانی " ئاند" لە ئەمریکای لاتین دەکەین. ئەگەر باسی وڵاتی پێرو بکرێ یەکەم شت کە دێتە ئەقڵمان ماچوو پیچویە، شوێنێکی لەم جۆرە لە لایەن رۆژهەڵاتیەکانەوە تاوەکو سەرەتای سەدەی ٢٠ـەم نەزانرابوو. دواتر رۆژێک بەرێکەوت لە لەلایەن شوانێکی گەرۆکەوە دۆزرایەوە. ماچوو پیچوو یەکێکە لە گرینگترین میراتەکانی شارستانیەتی "ئەنکا" کە تاوەکو ئێستا مابێتەوە. بەرزی شاری ماچوو پیچوو لە ڕووی دەریاوە ٢ هەزار و ٤٣٠ مەترە. نهێنیێ بنیاتنانی و وەکوخۆی مانەوە و تێکنەچوونی تاوەکو ئێستا پارێزراو ماوەتەوە.



### ٥- پێترا - ئوردن

شاری دێرینی پێترا، نموونەیەکی زۆر گرنگی هەوڵەکانی مرۆڤە بۆ گەیشتن بەو خاڵانەی کە هەوڵی بۆ داوە. پێترا دەکەوێتە باکووری شاری ئوردن. مێژووی دروستکردنی شاری دێرینی پێترا بە نزیکەیی بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە. بۆ سالانێکی زۆر، شارەکە دوور لە مرۆڤەکان بەبێدەنگی ماوەتەوە. لە ساڵی ١٨١٢دا لە لایەن گەشتیارێکی سویسری بە ناوی جۆهان لودویگ بورکهاردت دۆزراوەتەوە. لەو ساڵانەدا ئەو ناوچەیە لە ژێر فەرمانرەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیەکاندا بووە. جۆهان کاتێک گەشتێک لە نێوان ناوچەکانی فیام و قاهیرە ئەنجام دەدات گوێبیستی شارێکی ئەنتیکی شاراوە ببوو کە شوێنەکەی لە نێوان دۆڵی چیاکانی موسا بووە بۆیە دەچێتە ئەوێ. دواتر ئەو نەخشانەی کە لە پێترادا بینیبووی وە ئەو تێبینیانەی کە لەسەر ئەم شوێنە نوسیبووی دەیکات بە پەرتوکێک و سەرنجی ئەورووپییەکان بۆ لای پێترا رادەکێشت. لە یۆنانی کۆندا پێترا بە مانای بەرد دێت، بەرزی ئەم شوێنە ٢٠٠ مەترە و فراوانیەکەی ٥ مەترە. بۆ چوونە ژوورەوە پێویستە بە رێرەوێکی تەسکدا برۆیت. درێژی ئەم ڕێڕەوە نزیکەی ٧٠٠ مەترە و لە ڕێڕەوەکەدا گەشتیاران دەتوانن چێژ لە بینینی بەردی نەخشێندراو و پەیکەری هەڵکۆڵدراو و سەنەمی جۆراو جۆر ببینن کە ڕێرەوی ئاوی تێیدا تێدەپەرێت. بەڵام ئەو سوپرایزەی مایەی سەرسوڕمانە لە کۆتایی ڕێڕەوەکەدا بەدی دەکرێ. هاوکات شاری پێترا یەکێکە لەو شارانەی کە ناوی لە لیستی میراتە دێرینەکانی جیهانە لە یونیسکۆ.

### ٦- کۆلیزیۆم - ئیتاڵیا

کۆلیزیۆم ئەو شوێنەیە کە لە فیمە سینەماییەکان و رۆمانەکاندا کەوتۆتە بەرچاومان و گوێبیستی بووینە. شوێنەکەی لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیایە و یەکێکە لە هێما هەرە گرینگەکانی ئەو شارە. سەدان ساڵ بەر لە ئێستا وەکو مەیدانێکی جەنگ بەکار هاتووە و مرۆڤەکان زۆرانبازیان تێیدا ئەنجام داوە یان ئاژەڵە کێویەکانیان لەگەڵ مرۆڤەکان بەشەر هێناوە. مێژووی دەستپێکردنی کۆلیزیۆم بۆ ساڵی ٧٢ی زاینی دەگەڕێتەوە و لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی تیتۆس لە ساڵی ٨٠ی زایینیدا تەواو کراوە.کۆلیزیۆم دوای دروستکردنی کە یەکێکە لە هێما هەرە گرینگەکانی ئیمپڕاتۆریەتی رۆما، زیاتر بۆ مەیدانی جەنگ بەکار هاتووە. لە هەمان کاتدا کۆلیزیۆم-یش ناوی لە لیستی میراتە دێرینەکانی جیهاندا هەیە لە یونیسکۆ.



### ٧- تاج مەحەل - هیندستان

تاج مەحەل بە پەرستگای خۆشەویستی-یەوە دەناسری. شوێنەکەی دەکەوێتە شاری ئاگرای هیندستان. لە لایەن شا جیهان، پاشای بابور دوای ئەوەی مومتاز مەحەل-ی خێزانی کۆچی دوایی دەکات وەکو یادەوەریەک بۆ ئەو دروستدەکات. تاج مەحەل یەکێکە لە کارە هەرە گرینگەکان کە لە پێناو خۆشەویستیدا بنیاتنراوە. تاج مەحەل لە ساڵی ١٦٣٢دا دروستکراوە و شا جیهان دوای کۆچی دواییکردنی هەر لەو شوێنە نێژراوە. لە راستیدا تاج مەحەڵ مزگەوتە و زۆرترین پارەی تێدا خەرجکراوە. ئەو گوڵ و گوڵزارانەی کە باخچەکانی تاج مەحەلی پێ رازێندراوەتەوە لە ئانادۆلووەوە هاتوون، ئەو بەردانەی کە بۆ دروستکردنی تاج مەحەل بەکار هاتوون لە وڵاتانی چین، تیبت، سریلانکا و ناوچەی عەرەبی هێنراون، دواتر لە ئەفغانستانەوە بە رێگەی هەزارەها فیل گوازراونەتەوە. شێوەی تاج مەحەل لەهەر چوار لاوە وەکو یەکە و هیچ جیاوازیەک بەدی ناکری. دیزاینەکەی تایبەتمەندییەکی زۆری بۆ کراوە و شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە. تاج مەحەل لە مزگەوت و میوانخانە و چەندین باخچەی ناوازە پێکهاتووە. بیناکەی لەسەر رووبەری ١٧٠ هەزار مەتر دووجا بنیاتنراوە و بەرزیشی ١٧١ مەترە. لەکاتی درووستکردنی تاج مەحەل زیاتر لە هەزار فیل بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت کەلوپەلەکانی لە وڵاتانی دیکەوە بۆ هیندستان بگوازرێتەوە.

ئامادەکردنی: محەمەد عەبدولجەبار

خاوەنی ئیمتیاز: تەبا
سەرنووسەر: محەمەد فەرید ئەربیل ئوغلۆ
ووردەکاری لە نووسین: زیا عوزێری & محەمەد عەبدولجەبار
دیزاین: چۆبان تیمور & عەلی سالم

Email:www.tbaajansi.com
بۆ پەیوەندی: ٠٧٥٠ ٢٦١ ١٠ ١١
٠٧٧٣ ٣٤٣ ١٠ ١١
بۆ ڕیکلام کردن: ٠٧٥٠ ٩٣٤ ٦٣ ٣٣
٠٧٥٠ ٩٣٤ ٧٣ ٣٣
ناونیشان: شەقامی ٣٠م/ بەرامبەر هوتێلی نێودەوڵەتی هەولێر

تێبینی:
بابەتەکانی گۆشەی بیروڕای هەفتەنامەی تەبا، گوزارشت لە بیروڕای خودی نووسەر دەکات.